درۆیە

کاوە زوحاکی نەکوشتووە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

درۆیە

کاوە زوحاکی نەکوشتووە

ئامادەکردنی:

خوسرەو جاف

ناوی کتێب: درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە
ئامادەکردنی: خوسرو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٨٨
پیت لێدان: کارزان عەبدولحەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٧٦ی ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ

دەمێکە بەرانبەر ئەم هەڵەیە بێدەنگین، کاتی ئەوەی هاتووە واقیعیانە لێی بدوێین. ئەگینا نەسلی داهاتوو ڕەحممان پێ ناکەن و تەواوی تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی ئەمڕۆ فەرموو.. دەی با ڕاستگۆیانە لەوەی بدوێین...



فیردەوسی

ژیانی فیردەوسی

٩٦٠ – ١٠٢٠ز

گوایە لە دەڤەری «تووس»دا هاتووەتە دنیاوە، کوڕی مەولانا فەخرەدینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەولانا فەروخی فیردەوسی بووە، ناوی باوکی مەنسوور و نازناوی «ئەبولقاسم» بووە.. باوکی خەو دەبینێ کە کوڕەکەی بە سەربەرزی و بڵندییەوە روو لە قیبلە هاوار دەکات. لە هەموو لایەکەوە هاوارەکەی دەبیست، کە خەونەکە بۆ باوکی لێکدەدەنەوە دەڵێن: ناوبانگی ئەو کوڕەت لە هەرچوار لاوە دەبیسترێت.. ئیتر کوڕە گەورە دەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ پلەوپایەی خوندەواری بەرز و بڵند لە دنیای ئەدەبیات و مێژووەوە شیعر و شاعیریدا بەرزتر دەبێت، دەبیسێت کەوا شاعیری گەورەی ئەو دەمە «دەقیقی» بە دارشتنی داستانەکانی شاتامەوە خەریکە. ئەو شاعیرە لەلایەن یەکێك لە کۆیلەکانییەوە کوژراوە و ئەو بەرنامەی کە دەیویست ئەنجامی بدا ڕاوەستاوە، ئەوەشی زانیوە کە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، گەلێك کەیفی بەو داستانانەدا هاتووە و ئەو بووە هانی داوە.. دەقیقی لەو کارەیدا فیردەوسی ئەوەی دەزانی توانای تەواوکردنی ئەو کارەی تێدایە و لەو ڕووەوە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا دوا و، ئەویش زۆر هانی دا، «محەمەدی لەشکری» و فیردەوسی لە داستانی زوحاك و فەرەیدونەوە دەستی پێ کرد و چەند کەسێك ئەو رووداوانەیان بیست گەلێك داڕشتنەکەی فیردەوسییان بەلاوە زەریف هاتووەتە بەرچاو.

هەواڵی فیردەوسی و شانامەکەی گەیشتە خزمەتی سوڵتان و لەو کاتانەدا والی تووس و ئەو دەڤەرە دەمرێ و والییەکەی کە جێگەی دەگرێتەوە، وا دەردەکەوێت نێوانی لەگەڵ فیردەوسیدا باش نەبووە.. فیردەوسی بەناچاری بۆ دادخوایی روو لە غەزنەی پایتەختی دەسەڵات دەکات.

دوو شاعیری ئەو دەمەی دەربار «رودەکی و عونسوری» دەکەونە تەقەللاوە، تا فیردەوسی نەگاتە لای سوڵتان و لە دواڕۆژدا جێگە و شوێنی ئەوان بشێوێنێت و لەق بکات.

فیردەوسی هەر لە غەزنەدا دەمێنێتەوە، بەرێککەوت فیردەوسی لەگەڵ کابرایەکدا بەناوی «ماهەك» ئاشنا دەبێت، کە لە دەرباردا دەستی ڕۆیشتووە، ماهەك، بەڵێن بە فیردەوسی دەدا کە عەرزی حاڵی بگەیەنێتە سوڵتان و هەرواش دەکا و، فیردەوسی دەگاتە خزمەتی سوڵتان و لە شێوەی دارشتنی داستان سەرایی فیردەوسی خۆشحاڵ دەبێت و بڕیار دەدا بۆ هەر بەیتێك شیعر، یەك مسقاڵ زێڕ بدرێتە فیردەوسی، پیری تووس قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت و دەستی پێ دەکات، کە دەگاتە دوو هەزار بەیت لە داڕشتنی شانامەی تەواو کردبوو چەند ناسراوێکی لێزان ئامۆژگارییان کرد کە ئەو دوو هەزار بەیتە بنێرێتە خزمەتی سوڵتان، تا بەو ئەندازە زێڕ و پارەی خۆی وەرگرێت... فیردەوسی، نەڕۆیشتە ژێر بار و لە وەڵامدا وتبووی: لێم گەڕێن با

تەواوی بکەم و سەرجەم دەیگەیەنمە پێشگای سوڵتان، دارِشتنەکەی فیردەوسی درێژەی کێشا و لەو ماوەیەدا نێوانی فیردەوسی و پێشکاری دەرباری سوڵتان مەحموود [حەسەنی مەیمەندی] تێکچوو. مەیمەندی لە هەر فرسەتێکدا بۆی هەڵکەوتبا بەباشی دەربارەی فیردەوسی لە خزمەتی سوڵتاندا باشی نەدەگوت، تۆمەتی پەیڕەوی کۆمەڵەی [خوارج]ی پیادا دەکرد.

بەشیعەی دەمارگرژ ناوی دەبرد، فیردەوسی چەند بەیتێکی لەزەمی مەیمەنیدا دارِشتبوو، کە گوایە نیازی بە پارە و زەڕێك نییە لەلایەن مەیمەندییەوە پێی دەگات، ئەو ئەو بەیتانەی گەیاندە سوڵتان مەحموود کە فیردەوسی مەبەستی لەو شیعرانەدا خودی سوڵتانە نەك ئەو...

مەیمەندی بەوە رازی نەبووە تۆمەتی «موعتەزیلە» بوونی فیردەوسی گەیاندووەتە سوڵتان، وای لێ هات چەندین تۆمەتی جۆراوجۆریان خستە پاڵ فیردەوس وەك فەلسەفی، رافزی، دەهری، موعتەزەلی، جگە لەوانەش بە سوڵتانیان راگەیاند کە فیردەوسی گەلێك بە شان و باڵی شاکانی ئێراندا هەڵداوە و سووکایەتی بە دەسەڵاتدارانی تازە پێگەیشتواندا کردووە، کە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی یەکێك بووە لەوانە، هەرچی فیردەوسی دەردی دڵی خۆی بە «ئەیاز»ی هاودەمی سوڵتان دەگەیەنێت کە بۆخۆی لایەنگیری فیردەوسی بووە، بەڵام هیچی پێ نەکراوەو سوڵتان گەلێکی لێ ئاڵۆز بووە، لە پێش مردنی حەکیم فیردەوسیدا شانامەی حەکیم دەگاتە خزمەتی سوڵتان مەحموود، کە سەرجەم شەست هەزار دێر شیعر بووە. لەبەر ئیعتیباراتی بەڵێنی سوڵتان شەست هەزار مسقاڵی زیوی بۆ دەنێرن، فیردەوسی ئەگەرچی لە هەژاریدا دەژیا، ئەو شەست هەزار مسقاڵ زیوانەی دابەش کردووە بەسەر خەڵکیدا و وەری نەگرتووە، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ نەکراو باسی لەوەی دەکەن کە گوایە سوڵتان مەحموود لە کردەوەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و بنەوبارگە رێك دەخا و، شەست هەزار مسقاڵ زێڕ و دیاری بۆ فیردەوسی دەنێرێت، زەواری دیاری لە دەروازەی رِۆژهەڵاتی شاری تووسەوە دەڕواتە ژوورەوە، لە دەروازەی رِۆژئاوای شاری تووسەوە تەرمی فیردەوسی بەرەو گۆڕستان دەڕواتە دەرەوە.

لەو کاتانەیدا [شێخ ئەبولقاسی گۆرگانی] لە شاری توسدا دەژیا خاوەنی تەکیە و بارەگای ئاینی بووە، دەڕۆنە لای تا نوێژی مردووی لەسەر بخوێنێت، لە وەڵامی ئەو خەڵکەدا دەڵێت: «من کاری وا ناکەم فیردەوسی لە پێشدا پیاوی ئاین بووە، کەچی قەڵەمەکەی لە خزمەتی ئاگرپەرستان و بێ ئاییناندا بەکار بردووە، من ئاوا نوێژێك ناکەم....»

گوایە هەمان شێخ خەو دەبینێت و فیردەوسی بەجلوبەرگی سەوزەوە لە بەهەشدا دەبینێت و لێی دەپرسێت: تۆ چۆن ئەم پلەوپایەت پێ دراوە؟ فیردەوسی وەڵامی داوەتەوە، تەنیا لەبەر دوو دێرە شیعر کە بۆ پەروەردگار وتوومە...

داستانی گێڕدنەوەی شانامە

وا زانراوە ئەنەوشیروان یەکێك بووە لە شا دادپەروەرەکانی زنجیرە دەسەڵاتی ساسانی(١)، ئەنەوشیروانی دەسەڵاتدار و دادپەروەر عاشقی مێژووی کۆنی ئێران بووە و فەرمانی داوە ئەوی لە رابوردوودا رووی دابوو لە دوور و نزیکدا کۆی بکەنەوە... هەر بۆ ئەو مەبەستە چاوساقان و لێزانان و مێژوونووسانی بەهەرچوار لادا هەناردووە تا ئەو رووداوانە، داستانانی رابوردووی زنجیرە دەسەڵاتەکان لێرەولەوێ کۆبکەنەوە و لە جێگەیەکدا پاراستوویانە و لێزانانی ڕێز لێ گرتووە و لە دەربارێدا جێگە و شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان کردوون، بەتایبەت پابەندی ئەوی دەربارەی ئێران رووی داوە یان بیستراوە کۆ کراوەتەوە ریزبەندی کراون لە کتاوخانەی شاهەنشاهیدا پارێزراون، لە سەرەتای دەسەڵاتی «کیومەرس»ەوە، تا دواشای زنجیرە دەسەڵاتی ساسانی یەزدگرد، لەو کۆکردنەوەیدا بەدەکان، نووسەرەکان، مێژوونووسان دەستی باڵایان هەبووە، ئیتر ئەوی دوور و نزیکدا وەك مێژوو ڕووی دابێت و وەك ئەفسانە وترابێت لەو کتاوخانەیدا پارێزراو بووە..

هێرشی ئیسلام و عەرەب دەست پێ دەکا و سەرئەنجام پایتەختی دەسەڵاتی ساسانییان دەگیرێت و «تیسفون» دەکەوێتە ژێر دەستی داگیرکەران و ئەو پایتەختە تاڵان و بنبڕ دەکرێت..

یەکێك لەو دەستکەوتانە هەمان کتاوخانە بووە و بە فەرمانی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، فەرماندەی گشتی لەشکری عەرەب. کتاوخانە لە حوشتر بار دەکرێت و بەرەو عەرەبستان سەرالێژ دەکرێ و دەیبەنە خزمەت خەلیفەی وەخت حەزرەتی عومەر، حەزرەت فەرمووی با وەرگێڕەکان بزانن دەربارەی چی نووسراون، سوود و زیانیان چییە؟

دوای زەمانێك، وشاردە و کورتەی ئەو کتاوانە دەبەنە بەر دەستی و ئەوانەی وا دەربارەی دادپەروەری شاکانی زنجیرەی پێشدادییەکان و کار و کردەوەی شایانی شاکان بوو، فەرمانی داوە وەری گێڕنە سەر عەرەبی و ئەوانی تر کە دەربارەی ئاگر و هەتاوپەرستی و داستانەکانی زاڵ و سیمرخ و ئەوانی تری وەك ئەوانەی بەلاوە بێ نرخ و بێ بایەخ هاتووەتە بەرچاو و لای وابووە کە ئەوانە وەك ئارەزووی دنیایی وان و شایستەی بیرلێکردنەوە نین. فەرموویەتی: لە پەیامبەری خوام بیستووە. کە دەیفەرموو: « الدنیا هانت علی ربها مخلط حرامها بحلالها» . یانی جیهان بەلای پەروەردگارەوە ئەوەندە بێ شایانە حەڵاڵ و حەرامی تێدا تێکەڵ بووە، وە ئەم کتاوانە وەك دنیا وایە، شایانی ئاوڕ لێدانەوە نین، درۆ و ڕاستی تێدا تێکەڵە، کە دەستکەوت و تاڵانەکە دابەش کرایە سەر شەڕکەراندا، ئەو کتاوانە بوو بە بەشێکی جەنگاوەرانی حەبەشەیی

---

(١) نووسەرە دەمارگرژەکانی فارس دانیان بەکوردبوونی زنجیرە دەسەڵاتی ساسانییەکان ناوە...

ئەو جەنگاوەرانە کردیانە دیاری و بردیانە خزمەتی شای وەختی حەبەشە، شای حەبەشە فەرمانی وەرگێڕانی ئەو کتاوانەی دا و زۆری بەلاوە شایان و پەسەند هاتە چاو و خۆی گردە ڕووداوەکانییەوە، ئەو ڕووداوانە لە وڵاتی حەبەشە و هندوستاندا بڵاوبوویەوە و کەوتە سەر زمانی خەڵکی... کە دەوڵەت و دەسەڵات کەوتە دەست «یەعقوبی لەیس» و سەرتاسەری خۆراسانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، هەناردی ئەو نوسخانەی بۆ بهێنن، ئەوانەی بەزمانی پەهلەوی نووسرابوون فەرمانی دایە ″ئەبولمەنسور عەبدولرەزاقی کوڕی عەبدوڵای فەرەج″ وەری بگێڕێتەوە سەر پارسی وە ئەوەی لە سەردەمی ″خوسرەو پەرویزەوە″ رووی دابوو تا لەناوچوونی یەزدگرد دوا شای ساسانی بەو کتاوانەوە کۆکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکیان لە چوار کەس پێکهێنا: سعودی کوڕی مەنسووری معەمەری، کەوتە تەقەللاوە بۆ پێکهێنانی لیژنەی لێزان و کارامە، سەرئەنجام بڕیاریان لەسەر چوار کەس دا، کە ئەو کارە ڕاپەڕێنن و پێوەی خەریك بن.

١- تاجی کوڕی خوراسانی ئەزهەری

٢- یەزدان داد شاپور، خەڵکی سیستان.

٣- ماهوی کوڕی خورشید، خەڵکی نەیشاپور.

٤- سلێمان کوڕی نووری کوڕی ئەرتوس.

لە مێژووی سێ سەد و شەستی کۆچیدا، ئەو کتاوەیان تەواو کردووە و چەندین نوسخەیان لێ نووسیوەتەوە، کە دەسەڵات دەگاتە سامانییەکان، گەلێك گرینگی دەدەنە ئەو کتاوە و «دەقیقی» شاعیری دەرباری ئەو دەسەڵاتە هان دەدەن و پێ ڕادەسپێرن ئەو ڕووداوانە بکاتە شیعر. «دەقیقی» قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت و دوو هەزار بەیتی لێ تەواو دەکات، بەڵام دەقیقی مەرگ مەودای نادا و، دەستی یەکێك لە کوێلەکانی خۆی دەکوژرێت، ئیتر ئەو بەرنامە و پرۆژەیە لە بیر دەکرێت. تا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی ″سوڵتان مەحموودی سبکێکین″، لەبەرئەوەی لە سەردەمی سامانییەکاندا ژیابووەوە، وردە وردە گەورە گەورەتر بووە، ئاگەداری تەواوی کاروباری ئەو دەمە بووە و یەکێك لەو کارانەی بەلاوە گرینگ بووە مێژووی دەسەڵاتدارانی رابوردووی ئێرانی بووە، بۆیە فەرمانی داوە، کە بەشێوەی شیعر ئەو رابوردووانە بنووسنەوە.. دەگێڕنەوە، یەکێك لە نەوە و رەگەزی زنجیرە دەسەڵاتی شاکانی ئێران لێ قەوماو ونەداری زۆری بۆ دێنێت و خۆی دەگەیەنێتە پایتەختی دەسەڵاتی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، کە دەڕواتە نێو تەلاری دەربارەوە دەنوارێت کۆمەڵێك شوعەرا کۆبوونەتەوە و دەربارەی کتاوێك دەدوێن «خورفیروز»ی لێقەوماو دەکەوێتە بیری: داخۆ دەبێت ئەوە چ کتاوێکی وا گرینگ بێت، ئەو هەموو شاعیرە لێزانانەی بۆ کۆکراوەتەوە، کە دەپرسێت، بۆی دەردەکەوێت، دەربارەی داستان و ڕووداوەکانی دەسەڵاتدارانی مێژوو دەدوێن.. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نوسخەیەك لەو کتێبەیان لە سەجستانەوە هێناوە و سوڵتان فەرمانی داوە بیکەنە شیعر. خورفیروز دەڵێت: من ئەو کتێبەم

هەیە دەتوانم بیگەیەنمە خزمەتی شاهـ، خورفیروز دەنێرێت ئەو کتێبە بهێنن و پێشکێشی شای دەکات.. لەم رووەوە بیرورِا جۆراوجۆرە، ئەمەش دەوترێت، کە گوایە فەرمانڕەوای کرمانی خۆی بەسەر سوپوردەی سوڵتان دەزانێت و ئاگەدار دەبێت کە سوڵتان بەدوای ئاوا کتێبێکدا دەگەڕێت، لە دەڤەرەکەیدا کابرایەك دەژیا لەنەوەو ڕەگەزی شاپوری زولئەکتافی ساسانی بەناوی «ئازەربەرزین»، ئەو کتێبەی هەیە و لێی دەسێنێت و دەینێرێت بۆ سوڵتان.

هەروا دەڵێن لە مەرو دا پیاوێك دەژیا بەناوی «گردئازاد» لە ڕەگەز و توخماتی «زاڵ و سام و روستەم»ە ئەو کتێبەی پاراستووە، ئەو کتێبەش دەگاتە دەرباری سوڵتان... ئەوەی ڕۆشن بووەتەوە لە مەنتیقەوە دوورە ئاوا کتێبێك بەلای عەرەبەوە بپارێزرێت و بگاتە حەبەشە و بەو جیاوازی زمان و ڕەگەز و کەلتوورەوە لەوێرا بگاتە هندوستان و ئەو دەم بگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئەمنیش ئەوە ناسەلمێنم، تا شەڕکەری ئەو دەمی عەرەب، پەی بە گرینگی کتێب ببات و لەباری حوشتری کا و بەرەو مەککەی بنێرێت هەر ئەو عەرەبانە، مافووری راخراوی ناو تەلار و تاقی کیسرا، کە بەناوبانگ بووە بە مافوری چوار وەرز، بە شمشێر پارچە پارچەیان کرد و لە نێو خۆیاندا دابەشیان کرد، چۆن دەیانپەرژایە سەر کتێب و کتێبخانە (بە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس)یشەوە، جا ئەو ڕێچکەیە لە راستییەوە بە دوورە و نوسخەکان هەر لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا ماوەتەوە و لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی غەزنەویدا خاوەنی بۆ پەیدا بووە.

هەتاوەکو خودی فیردەوسی لە رووی زنجیرە زەمانی مێژوویییەوە دووچاری هەڵە بووە، وەك دوان دەربارەی «گەشتاسب و زەردەشت یان مەسیحییەت و سەردەمی ئەسکەندەری مەکادونی تێکەڵ کردووە، کە سێ سەد ساڵیان نێوان بووە» ئەوەی لە شانامەی فیردەوسیدا باسی لێ دەکرێت کراوەتە سێ بەشەوە، دوو بەشی پێشی مێژووە، یەکەمیان پوختەی بیرورِای ئەفسانە و میتالوژییە، بەشی دووەمیان کە ناسراوە بە سەردەمی پێشدادییەکان یانی سەردەمی کیومەرسەوە تا گەرشاسب، هەزار و چوار سەد و چل و یەك ساڵە و سەردەمی کیانییەکان لە کەیقوبادەوە تا ئەسکەندەری مەکادونی حەوت سەد و سی و دوو ساڵی کێشاوە.

دەسەڵاتی ئەشکانییەکان دوو سەت ساڵ درێژەی کێشاوە، سەرئەنجام زنجیرە دەسەڵاتی ساسانییەکان لە ئەردەشێری بابەکانەوە تا دوا شای ساسانی یەزدگرد، پێنج سەد و یەك ساڵ درێژەی کێشاوە و بەهۆی هێرشی ئیسلامەوە لەناوچووە.

* * *

واش باوە، کە فیردەسی لە شانامەدا بە هیچ جۆرێ وشە و واژەی عەرەبی بەکار نەبردووە، بەڵام وا نییە شتێکە ئەگەر لەگەڵ بەرهەم و شێوەی نووسینی شاعیرانی سەردەمی خۆیدا بەراورد بکەیت وا نیشان دەدا: فیردەوسی وشە و واژەی پارسی پەهلەوی و پەند و حیکمەتی

کۆنی لە شانامەکەیدا بەکار بردووە...

مەلحەمەی شانامەی فیردەوسی بە داستانی «کیومەرس» دامەزرێنەری بنەماڵەی شاهنشاهی پێشدادییەکان دەست پێ دەکات، ئەو لە نێو چیاکاندا دەژیا و کەوڵی پڵنگی لەبەر دەکرد، سێ ساڵ دەسەڵاتی شاهی بەڕێگەوە بردووە، تەواوی ئاژێڵ و جانەوەران فەرمان بەرداری بوون، کوڕێکی جوانکیلە و هونەرمەندی بوو بە ناوی «سیامەك» لە جیهاندا «کیومەرس» جگە لە ئەهریمەن هەمووان خۆشیان دەویست، بەچکە دێوێکی ئەهریمەن زادە شاکامی بەکیومەرس دەبرد، سیامەك کەوتە شەڕ و مەراقەوە لەگەڵیا، سەرئەنجام سیامەك لە شەڕی بەچکەدێودا کوژرا و کیومەرس خەمی کوشتنی کوڕە نازدارەکەی دای گرت و گڕی تۆڵە لە دەروونیدا بڵێسەی سەند و کەوتە کۆکردنەوەی لەشکری مرۆڤ و جانەوەرانەوە، خوای ناوبژی پەیامی ناردە سەر کیومەرس، کە ئەوەندە خەم مەخۆ، بکۆشە تۆڵەی مەرگی کوڕەکەت بسێنیتەوە.

سیامەك، کوڕێکی لێ بەجێ مابوو، بە ناوی هۆشەنگ. باپیری ئەوەی بە باوکی فێر کردبوو، هەمانی لەگەڵ نەوەکەیدا کرد، هۆشەنگ لەشکری کۆکردەوە و توانی ئەو دێوەی وا باوکی کوشتبوو بکوژێت. دوای ئەو تۆڵەسەندنەوەیە کیومەرس لە جیهان دەرچوو مرد. لە دوای مردنی، کیومەرسی هۆشەنگ بوو بە شا و جێگەی باپیری گرتەوە. چل ساڵ بەسەر فەرمانڕەوایی هۆشەنگدا گوزەرا و حەوت وڵاتی خستبووە ژێر دەسەڵاتییەوە بە دادپەروەری و وردەکارییەوە دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد، توانی بەهێز و گوڕ و گڕی ئاگر ئاسن لە خاك و خۆڵ جوێ کاتەوە. ڕۆژێك هۆشەنگ لەگەڵ کۆمەڵێکدا لە ناو چیادا دەگوزەرا لە دوورەوە مارێکی ڕەش و درێژی تیژبڕۆ لە نێو گابەرد و دەوەنەکاندا بەدەرکەوت و هۆشەنگ بەردێکی گردە مار و بەردی هاوێژراو لە بەردێکی تر کەوت و ئاگرێکی لێ بوویەوە، شەو بەسەر هات و لە دەمی ئەشکەوتدا لە دەوری ئاگر کۆبوونەوە و کردیانە شایی و هەڵپەڕکێ، لەو کاتەوە بەناوی جەژنی سەدە. ئەو شەوە ناوبراوە، ئەو جەژنە یادگاری هۆشەنگە، دوای دۆزینەوەی ئاگر، هۆشەنگ ئاسنگەریی کردە پیشە و لەو دەمەیڕا ڕووبارەکان پڕ ئاوبوون، دەشت و دەر بوو بە شیناتی، تۆویان وەشاند و هەمووان بوونە خاوەنی نانی خۆیان، لە مێژدا خواردنی سەرەکی خەڵك میوەی جۆراوجۆر بوو، زۆربەی خەڵکیش نیوە ڕووت دەژیان. لە نێچیرگادا ئاسك و کەڵەکێوییان لە گا و مەڕوماڵات جوێ کردەوە، ئەوی سوودی هەبوو بە کاریان برد، لە خوری و پێستەی ئاژەڵان جلوبەرگیان سازاند.

لە دوای ئەو کارانە ڕۆژگاری هۆشەنگ تەواو بوو، تاج و تەختی بۆ کوڕەکەی بەجێ هێڵا..

«تەهمورس» جێگەی هۆشەنگ شای باوکی گردەوە، تەهمورس، شورەتی دێو دیلکەری پێ درابوو.. پەیوەستە دەیوت: دەبێ ئەم جیهانە لە شەڕ و ناپاکی دێوەکان خاوێن بکەمەوە.

بە فەرمانی ئەو ڕێساندنی خوری و مووی بزن و ئاژەڵیان دەست پێ کردووە. ئاژەڵە ماڵییەکان. کا و جۆ و ئالیکیان لە پێش خراوە، باز و شاهین و دوو برای ماڵی کردووە و کەڵەشێری دەستەمۆ کردووە، ئەوەی کاری شیاو هەیە بە خەڵکی فێر کردووە، کە پەیوەستە کاری پەسەند و شیاویان لێ وەشاوەتەوە، سوپاسگوزاری پەروەردەگارین، وەزیرێکی دانا و کارزانی هەبووە بە ناوی ″شەهرەسپ″، ڕۆژگاری پڕ بووە لە پارێزگاری و شەوانیشی بەستایشەوە بەسەردەبرد، توانی بە وردەکارییەوە ئامۆژگاری شایان و پەسەند بە گوێی شا بخوێنێت و شا بکاتە دەسەڵاتدارێکی وا «ئەهریمەن» نەتوانێت لە فەرمان دەرچێت و بێ یەك و دوو فەرمان بەرداری بکا و توانا و وزە و دەسەڵاتی ئەهریمەن بۆ کاری خێر بخاتە گەڕ،... زۆری نەکێشا ئەهریمەنان کەوتنە تەقەللای خۆ دەربازکردن و یاخیبوون و نا فەرمانی.. «تەهمورس» کە ڕوانی وا نافەرمانییان دەست پێ کردووە، هەموویانی زنجیر کرد و سزا دا، دێوەکان کەوتنە پاڕانەوەوە، کە ئەگەر بێتو نەیانکوژێت هونەرێکی شایانی فێر دەکەن.

«تەهمورس» بە ئازادکردنیان ڕازی بوو، دێوەکان هونەری نووسینیان فێر کرد.. سێ جۆرە خەتیان فێر کرد؛ ڕومی، عەرەبی، فارسی. سغدی، چینی، پەهلەوی لەو سێ جۆرە خەتەوە جوێ بوونەتەوە.

« تەهمورس»یش مرد و کارەکانی بە یادگار مانەوە..

«جەمشید»ی کوڕی، جێگەی گردەوە، دێو و باڵندە و پەرییان خرایە ژێر فەرمانییەوە، دەسەڵاتێکی ئاسمانی پێ بەخشرا و کەوتە کاری پەسەند و شیاوەوە، سەرەتا ئامێری شەڕی دروست کرد، شمشێر، خەنجەر، ڕم، سپەرو ئەوی پێویستی جەنگ بێت. پەنجا ساڵ بەو کارانەوە خەریك بوو، لە کەتان و خوری و موو، کراس و جلوبەرگی ڕێساویان دروست کرد و خەڵکی لەبەریان کرد.

کۆمەڵی بەسەر چوار چیندا دابەش کرد، پێشەواکان، شەڕکەران، جووتیاران، یاساناسان.

فەرمانی بە دێوەکانی دا، تا گڵ و ئاو تێکەڵاو بکەن و خشت دروست بکەن، لە گەچ و بەرد دیواری دروست کرد، سەرشۆرگە و کۆشك و دیوەخانی سازاند، گەوهەر و یاقووت و زێڕ و زیوی هێنایە مەیدانەوە. بۆنی خۆشی، وەك عەنبەر و گوڵاو و کافوور و مسکی بە خەڵکی ئاشنا کرد. پزیشکی و دەوا و دەرمانی خستە خزمەتی خەڵکەوە، کەشتی دروست کرد خستییە ناو دەریاوە، بەنجا ساڵی تریش بەو کارانەوە خەریك بوو، تەماحگیری گەورەتر بوو، تەختێکی دروست کرد و فەرمانی دا بە دێوەکان. تا بەسەر شانیانەوە ئاسمانی پێ بگێڕن، ئەو ڕۆژەی وا جەمشید بەسەر تەختەوە ئاسمان دەگەڕا بە «نەورۆز» ناوبراو گەوهەریان پەخشانەوە، سەری ساڵی تازە لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کردووە و جەژن و شایی و سەما و مەی خواردنەوەیان ئەنجام داوە، سێ سەد ساڵ بەو شێوە گوزەراوە و کەس نەمردووە، کەس خەم زەدەو نائومێدی هەست پێ

نەکردووە، تایفەی دێو کۆیلە ئاسا لە ژێر فەرمانی جەمشیدا فەرمان بەردار بوون، جیهان پڕ لە سەفا و خۆشبەختی بووە.

جەمشید خۆی بەو شێوەیە دی، بەو هەموو تواناو دەسەڵاتەوە لە خۆی بایی بوو، نا سوپاسی خۆی لە خوایان بەکەمتر نەزانی.. گەورەپیاوانی ناو خەڵك و لەشکری کۆکردەوە و پیانی راگەیاند، کە لە جیهاندا کەس لە خۆم بەگەورەتر نابینم، ئەوی هەیە و هەتانە من هێنامنەتە کایەوە، منم رازێنەرەوەی جیهان و گێتی.

خور و خواب و آرامتان آز من است

همان کوشش و کارتان آز من است

گوێگران بەو قسەیە سەریان دانواندەوە و هیچیان نەوت.. لەو رۆژگارانەدا لە سارای عارەبستاندا، شایەکی بەدەسەڵاتی پیاوچاك دەژیا، بەناوی «مەرداس» بە ئەندازەیەك دەوڵەمەند و دەوڵەتدار بوو لە هەر ئاژەڵێك هەزار دانەی شیردەری هەبوو، مانگا و مەڕوماڵات و ئەسپێکی فراوانی هەبووە، شیری بە بێ بایی بە خەڵکی دەبەخشی. کوڕێکی ناباب و درندە خۆی هەبوو بەناوی «زوحاك»، بەزمانی پەهلەوی «بیورئەسپ»ە خاوەنی هەزار ئەسپیان پێ دەگوت. ڕۆژێك شەیتان هاتە لایەوە پێی وت:

دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، بەڵام لە پێشا پەیمانم بدەرێ کە لای کەس نەیدرکێنیت و ئەنجامی بدەی...» کوڕە سوێندی بۆ خوارد، ئەنجامی بدا و لای کەسیش باسی نەکات. چرپاندی بە گوێیدا.. کەس لە تۆ شایستە تری تاج و تەخت و شاهی نییە، بۆ ڕاوەستاوی؟!

ئەو باوکە پیرەت لە ناو ببە و، بۆ خۆت ببە بەشا و دەسەڵات بەدەستەوە بگرە...»

زوحاك بە بیستنی ئەو وتە ئاڵۆزانە تەکی دایە لاوە و نەڕۆیشتە ژێر باری لەناوبردنی باوکی ...شەیتان، بەبیری هێنایەوە، کە سوێندی خواردووە لە قسەی دەرنەچێت، زوحاك تۆزە کێك نەرم بوو، ئەو دەم وتی: ناڵێی ئەو کارە چۆن بکەم؟...

شەیتان وڵامی دایەوە: ئاسانە باوکت دەمەوبەیان هەڵدەسێت. نوێژ و ستایش دەکا و بەنێو باخەکەدا دەگوزەرێت، چاڵێك هەڵبکەنەو بەپووش و پەڵا سەری داپۆشە و ئاسان تێی دەکەوێت..

زوحاك هەر وای کرد، مرداس شای باوکی کەوتە نێو چاڵەکەوە و لەناوچوو، بەپێی رەسم و ڕەواڵ زوحاك جێگەی گردەوە و بوو بە شای عەرەبەکان.

ڕۆژێك دووبارە شەیتان لە رواڵەتی گەنجێکی ڕوخسار جواندا خۆی گەیاندە دەرباری زوحاك و خۆی گەیاندە خزمەتی شا و ڕای گەیاند کەوا ئاشپەزێکی بەتوانا و لێهاتووە و تەواوی خۆراکەکان بە ئاسانی دروست دەکا، دەیەوێت لە خزمەتی شادا بێت.. زوحاك ئاشپەزخانەی خۆی پێ سپارد، ئەودەم خەڵکی ئەوەندە ئاگەداری خواردنی جۆراوجۆر نەبوون، شەیتانی بە

ئاشپەز بوو، کەوتە دروستکردنی خواردەمەنی بەتام و چێژەوە، لە گۆشتی پەلەوەر و ئاژەڵان سەدان خۆراکی سازاند و زوحاك بەو کارەی گەلێك شادمان و بەختەوەر بوو، ئاشپەزی بانگ کرد و وتی: وەرە بزانم لە پاداشتی ئەو خواردنە جۆراوجۆرانەدا چیت دەوێ تا بتدەمێ؟..

شەیتان نەختێك لە زوحاك ڕۆیشتە پێشەوە گەلێك ڕاشکاوانە وتی: قوربان بەندە، بەندەی جەنابتم هیچم ناوێت تەنیا شادی جەنابت نەبێت. ئەگەر مۆڵەتم بدەی بێمە پێشەوە هەردوو شانت ماچ بکەم ئەوە تەنیا ئارەزووی گەورەی منە. زوحاك سەری بە مانای ڕازیبوون بۆ لەرانەوە، شەیتان بەڕێزەوە لە شا زوحاك ڕۆیشتە پێشەوە و هەردوو شانی ماچ کرد و ئەو دەم لەچاو ون بوو. بەنادیاری شەیتان دوو ماری ڕەش لەسەر شانی زوحاك سەوز بوون و کەوتنە خۆ لوولدان و زمان دەرهێنان، زوحاکیان پەریشان کرد... دەوروبەریان کەوتنە تەقەللاوە، تا چارەی دەردی ئەو دوو مارە سەوزبووانەی سەرشانی زوحاك بکەن.. بڕیاریان دا لە بندا بیانبڕنەوە هەر وایان کرد... زۆری نەخایاند، دوو ماری تر لە هەمان جێگەوە سەوزبوونەوە... کەوتنە کۆکردنەوەی پزیشك و لێزانان، هەریەکە و شتێکی دەگوت، شەیتان دیسان وەك پزیشکێکی چاوساقی کارامە خۆی گەیاندە زوحاك و وتی: ئەوی بووە بووە، بڕینی ئەو دوو مارە بێ سوودە، ئەو دوو مارە ئارام ناگرن مەگەر ڕۆژانە مێشکی مرۆڤیان دەرخوارد بدرێت، ئەو دەم ئارام دەگرن.. شەیتان بەو شێوەیە ویستوویەتی ڕەگەزی مرۆڤ بەسەر زەوییەوە قەلاچۆ بکرێت..

لەو لاشەوە جەمشید کەوتە بەر رق و ئالۆزی خواوەندکارانی ئاسمان، لە ناو ئێراندا شەڕوشۆڕ و یەکتر کوشتن دەستی پێ کردبوو، هەرکە بۆ خۆی و هەر من لە زۆربەی زۆری وڵاتدا دەستی پێ کردبوو، کەس بەکەس ڕازی نەدەبوو، شا گەردان دەستی پێ کردبوو، تاکە کەسێك بەلای جەمشیدەوە نەمابوویەوە، سوپا و لەشکری ئێران بیستبوویان کەوا لە عەرەبستاندا شایەکی بەدەسەڵاتی ئەژدیها لەسەر شان فەرمانڕەوایی دەکات خۆیان گەیاندە زوحاك و سەری تەعزیمیان دانواندەوە و زوحاکیان بەشای خۆیان هەڵبژارد و سەلماند. زوحاك هاتە ناو ئێرانەوە و تاجی شاهی ئێرانی لەسەر کرد و جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرت و تاج و تەخت و بەختی جەمشیدی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، سەد ساڵ بوو باسێك، ناوێك لە جەمشید شا نەبیسترابوو، تا دوای ئەو سەد ساڵە لە لێواری دەریای چیندا پاسەوانانی زوحاك، شا جەمشیدیان دۆزییەوە و هەر لەوێدا بەزەبری شمشێر لەت لەتیان کرد.

زوحاك هەزار ساڵ وەك شا فەرمانی ڕانی، لە سەردەمی زوحاکدا پاکی و خاوێنی لە جیهاندا بە دەگمەن دەبینرا، ئەوەی دەکرا بە ئارەزووی ڕەفتاری دێو و ناپاکان دەکرا، دوو کچی جەمشید شا، بە دیلی گیران "شەهرناز و ئەزنەواز" و خرانە نێو حەرەم سەرای شا زوحاکەوە، هەموو ڕۆژێك دوو گەنجی ناو میللەت هەڵدەبژێران و سەریان دەبڕڕا و مێشکیان دەکرایە خۆراکی دوو ماری سەر شانی زوحاك.

دوو پیاو چاکی نێو دەسەڵاتی زوحاك بە ناوی ″ئەرمایل و گرمایل″ ڕۆیشتنە لای شا، تا ئەوان سەرپەرشتی ئامادەکردنی خۆراکی دوو مار بن، بەو هیوایەی ڕۆژانە یەکێك لەو دوو گەنجە لە مەرگ ڕزگار بکەن، هەر واشیان کرد، ڕۆژانە یەکێك لە دوو گەنجەکەیان سەردەبڕی و مێشکی سەربڕاویان لەگەڵ مێشکی کاوڕێکدا تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی دوو مارەکەیان ئەو گەنجەکەیان بەڕەڵلا دەکرد، بەو شێوەیە، مانگانە سی گەنجیان لە مەرگ ڕزگار دەکرد، کە ژمارەیان زۆر بوون ″ئەرمائل کرمائل″ مەڕوماڵاتێکیان بەخشییە گەنجە لە مەرگ ڕزگار کراوەکان و ڕەوانەی چیاکانیان دەکرد.

چل ساڵ لە پێش لەناوچوونی زوحاکدا، زوحاك خەونی بینی کەوا سێ پاڵەوان هاتوونەتە نێو کۆشکەکەیەوە، یەکێکیان گورزی سەری گا بەدەست گەورە ڕفتار پای خستە سەر گەردنی و بەزۆر پەلەکێشی کرد و تا بەرەو چیای دەماوەندی ببات. زوحاك بە نەڕەنەڕ لە خەو هەستا، کۆشك لە نەڕەیدا دەلەرزییەوە، شەهرناز و ئەرنەواز، ئاشوفتە لە خەو هەستان.. ئەرنەواز پرسی: چی ڕووی داوە وا پەرێشانیت؟، تۆ کە شای حەوت وڵاتی هەمووان فەرمانبەری تۆن.

زوحاك ئەوی لە خەودا دیبووی گێڕایەوە... ئەرنەواز وەڵامی دایەوە: زانایان و لێزانان کۆ کەرەوە ئەو خەونەتیان بۆ بگێڕەوە، تا لێکی بدەنەوە. بۆ سبەینێ چاوساقان و موبەدانیان کۆ کردەوە، تا خەوەکەی زوحاك لێك بدەنەوە. خەونەکەیان بیست، کەس نەوێرا ڕاستییەکەی بەزوحاك بڵێ.. ڕۆژی چوارەم زوحاك ئاڵۆز بوو، هەڕەشەی کرد، ئەگەر ڕازی ئەو خەوەی بۆ نەگێڕانەوە، هەموویان دەکوژێت. یەکێك لە موبەدەکانی ڕووی کردە زوحاك وتی: ئەی شا ئەوەی پای خستووەتە سەر گەردنت و گورزی سەری گای بەدەستەوە بووە، ناوی «فەرەیدوون»ە، یەشتا لە دایك نەبووە، ئەو منداڵە گەورە دەبێ و تۆ یەخسیر دەکات..

زوحاك پرسی: بۆ ئەو ئاوا کینەیەکی لە منە؟

«ئاخر تۆ بکوژی باوکی ئەو کوڕەی، ئەو مانگایەی وا لە شیری ئەو منداڵەی پێ گەورە دەکرێت بە ناوی «بەرمایە»یە ئەویش لەلایەن تۆوە دەکوژرێت...»

زوحاك ئەوەی بیست لە هۆشی خۆی چوو، کە بەئاگا هاتەوە، کەوتە تەقەللای دۆزینەوەی فەرەیدوونەوە، ڕۆژگاری بەسەختی لێ دەگوزەرا.. فەرەیدوون. لە دایك دەبێت، سیخوڕ و کاسەلیتان و ژەندرمەکان «ئابیتن» باوکی فەرەیدوون، لە جێگەیەکدا خۆی پێ ڕانەدەگیرا، سەرئەنجام یاساوڵەکانی زوحاك دۆزییانەوە و پەلەکێشی دەربارییان کرد و دەستبەجێ سەریان بڕی... «فەرانەك»ی دایکی فەرەیدوون، لە تاوی مەرگی مێرد و پاراستنی فەرەیدوونی ساوادا، فەرەیدوونی هەڵگرت و ڕووی کردە دۆڵ و دەربەند و چیاکان، تاگەیشتە ئەو دەڤەرەی وا مانگای «برمایە»ی لێ بوو.. ئەو مانگایە هەر موویەکی بەڕەنگێك دەدرەوشایەوە، «فەرانەك» فەرەیدوونی ساوای سپاردە پارێزەری ئەو ناوچەیە، تا بە شیری ئەو مانگایە پەروەردەی بکات،

پارێزەر منداڵی وەرگرت و سێ ساڵ بە شیری «بەرمایە» فەرەیدوونی بەخێو کرد، دنیا هەمووی پڕبوو لە باسی مانگای «بەرمایە»، زوحاك هەروا بەدوای فەرەیدووندا دەگەڕا، دایكی فەرەیدوون بەپەلە خۆی گەیاندە، پارێزەری مانگای «بەرمایە» و وتی: هەستێك رووی تێ كردم تا فەرەیدوون لێرە دوورخەمەوە و بەرەو وڵاتی هندستان بڕۆم، دەبێت لە خەڵك و خوا دوور بكەومەوە و خۆم بگەیەنمە «ئەلبورزكیو»، لەوێڕا بگیرسێمەوە.

فەرانەك، فەرەیدوونی بەكۆڵدا دا و رووی لە چیای ئەلبورز كرد، لەوێدا، پیرە پیاوچاكێك، تاك و تەنیا دەژیا، فەرانەك خۆی گەیاندێ و وتی: ئەی پاكڕەوشت، من تازێباری سەرزەوی ئێرانم، منداڵەكەم هێناوەتە سێبەر و پەنای تۆ و بەتۆی دەسپێرم، تا پەروەردەی بكەی،... پیاوچاك، منداڵی وەرگرت و بەڵێنی پەروەردەكردنی بەدایكی دا.

زوحاكی زۆردار و خوێنڕێژ، هەواڵی جێگە و شوێنی مانگای «بەرمایە»ی پێگەیشت، یاساوڵایی زوحاك خۆیان گەیاندە جێگە و شوێنی «بەرمایە». مانگایان كوشت و ئەو دەڤەرەیان وێران كرد.

فەرەیدوون، گەیشتە تەمەنی شانزە ساڵان و لە چیای ئەلبورز هاتە خوارەوە، كەوتە پرسیاری جێگە و شوێنی دایكی، دایكی دۆزییەوە و هەواڵی ڕەگوڕیشەی خۆی لە دایكی پرسی. فەرانەك وەڵامی دایەوە: كە تۆ لە توخم و ڕەگەزی شاكانی، باوكت ناوی «ئابتین»ە، پیاوێكی یەكجار دانا و بێ ئازار، و لە نەوەی «تەیمورس» بووە، كاتێك یاساوڵەكانی زوحاك بەدوای تۆدا دەگەڕان، من تۆم شاردبوویەوە، باوكت گرفتاری ئەو یاساوڵانە هات و لەلایەن زوحاكەوە كوژراوە و مێشكی كراوەتە خۆراكی دوو ماری سەر شانی زوحاك، من لە ترسی كوشتنی تۆدا، تۆم گەیاندە ناوچەیەك كە مانگای بەرمایەی ڕەنگاوڕەنگی تێدا دەژیا و بە شیری ئەو مانگایە سێ ساڵ پەروەردە كراوی، بەڵام پارێزەرانی زوحاك سەرئەنجام، مانگا و ئەو دەڤەرەیان دۆزییەوە و مانگا و پارێزەریان كوشت و دەڤەرەكەشیان كاول كرد. فەرەیدوون، زانی چی بەسەر باوكیدا هاتووە، چۆن مانگای "بەرمایە" یش كوژراوە، گڕی تۆڵە و تووڕەبوون لە دەروونیدا كەوتە بڵێسە و لەگەڵ خۆیدا پەیمانی بەست تۆڵە لە زوحاك بكاتەوە.

زوحاك لە نیگەرانی و تاوی فەرەیدووندا ئۆقرەی نەدەگرت و پەیوەستە ناوی فەرەیدوونی لەسەر دەم نەدەبڕا.. بڕیاری دا ڕیشسپییەكان، چاوساقان، ناسراوانی وڵات، كۆبكاتەوە و ئەنجوومەنێك پێك بهێنێت و پەنجەمۆری كەن كە زوحاك شایەكی دادوەر و دادپەروەرە، ئەو ئەنجوومەنە پێك هات و لە وڵاتدا جاڕ درا ئەوەی زوڵمی لێ كراوە باخۆی بگەیەنێتە دەرباری شا زوحاك، كەس نەیدەوێرا روو لە دەربار بكا بۆ دادخواهی، تا «كاوە» ناوێك نەترسا و خۆی گەیاندە دەربار.

خروشید و زو دست برسرزشاه
كەشاهامنم كاوە دادخواه

یـکـی بـێ زیـان مـرد رهـنـگـرم
زشاهـ رکش آیـدهـمـی بـرسرم

کاوه نەڕاندییە سەر شادا، منم کاوەی ئاسنگەر، هاتووم شکات دەکەم خانەوێران کراوم.. تۆ کە شای حەوت وڵاتی بۆ ئەم هەموو زوڵم و زۆرەمان بەسەردا ڕەوا دەبینی؟.

زوحاك سەری سوڕما لە کاوە و قسەکانی، بە کاوەی وت: دەی بڵێ چ زوڵم و زۆرێکت لێ کراوە؟.

دەرکەوت کوڕەکەی نۆرەی سەربڕینی کەوتووەتە ئەستۆ و گیراوە..

زوحاك فەرمانی ئازادکردنی دا..

کاوە دیسان نەڕاندی: ئەی شا ئەوانەی لە دەوروبەرت کۆبوونەتەوە تێکڕایان دێوسفەت و پەیڕەوانی دۆزەخ و ئەهریمەنن.. ئەوەی وت و پەلی کوڕەکەی گرت و لە دەربار دەرچوو..

دانیشتووانی دەوری شا، هاتنە قسە و شایان هان دا کە ئەوە چۆن ئاسنگەرێکی رووتەڵ بەو شێوە لە دەرباری شادا ڕەفتار بکات؟.

شا وتی: باوەڕ بکەن کە هاتە ژوورەوە گوێم لە دەنگی بوو، وەك جادووم لێ کرابێ هیچم پێ نەکرا.

کاوە کە لە دەربار هاتە دەرەوە، خەڵکەکەی لە دەوری کۆبوویەوە، کاوە، چەرمی بەرۆکی ئاسنگەرییەکەی، لە بەرۆکی کردەوە کردییە سەر نیزەوە و کەوتە هاندانی خەڵك و پەیوەستەش نیزەکەی رادەوەشاند.

کس کـو هـوای فـریـدون کـنـد
دل لـز بـند ضحـاك بیرون کند

کوان، ئەوانەی پەیڕەوی فەرەیدوونن و دوژمنی زوحاکن، کوان لە کوێن؟ کاوە دەیزانی، فەرەیدوون لە کوێیە... بەرەو هەوارگەی فەرەیدوون چوو، کە گەیشتنە ئەوێ، خەڵکێکی زۆر گلیر بووبوونەوە. بەروانکەکەی، کاوەیان گەوهەر نیشان کرد و رازاندیانەوە... ئیتر لەو دەمەی را هەرکەسێك، تاجی شاهی لەسەرنا ئەو چەرمەی بەگەوهەری گران دەرازاندەوە، بوو بە ئارم و ناونرا "درەفشی کاویان" و هەرکەسێ بیدیبا، وەك هەتاو دەدرەخشایەوە. فەرەیدوون روانی وا ڕۆژگاری بەلادا چەرخاوە و ئەستێرەی بەختی زوحاك کەوتووەتە لێلایی تاجی شاهی لەسەرنا و بەرەو لای دایکی رۆیشت و بە دایکی ڕاگەیاند وا دەڕواتە شەڕی زوحاك.

فەرەیدوون دوو برای هەبوو، بە ناوی "کیانوش و پرمایە" پیانی راگەیاند، زوو بڕۆن ئاسنگەرانی هونەرمەندم بۆ بانگ بکەن، تا گورزێکم بۆ دروست بکات. دوو برای، ئاسنگەری لێزانیان کۆکردەوە و هێنانیانە خزمەتی فەرەیدوون، کە لە خزمەتی فەرەیدوندا کۆبوونەوە،

فەرەیدوون ڕای گەیاند گورزێکی دەویٚ سەرەکەی وەك سەری گا بێت، تا بەو گورزە بڕواتە شەڕی زوحاکەوە، گورزی سەر وەك سەری گا دروست کرا و فەرەیدوون بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی باوکی... لەگەڵ لەشکردا کەوتە ڕێ کە گەیشتە «ئەروەند رود» رووباری ئەروەند بە پاسەوانانی ڕووباری وت، تا کەشتی "قوفە" لە ئاونا پاسەوانان نا فەرمانییان کرد و، فەرەیدوون و لەشکر ملیان لە ڕووبار ناو ئاو تا زینی ئەسپەکان هات و لە ڕووبار پەڕینەوە بەرەو «بەیتولموقەدەس» وەڕێ کەوتن. بەزمانی پەهلەوی "بەیتولموقەدەس" یانی قەڵای گەورە و گران. هەر لە دوورەوە کۆشك و قەڵای زوحاك وەدەرکەوتن.. گورز بەدەست، خۆی گەیاندە ناو قەڵا، پاسەوانانی قەڵا، تەفروتوونا بووبوون، تەنیا جادووکەران و دێوەکان لە ناو کۆشکدا مابوونەوە، فەرەیدوون بە گورزی گاسەر هەمووانی کوشت و، ڕۆیشتە ناو تەلاری شاهییەوە، تاجی لەسەر دانا و لەسەر تەختی شاهی دانیشت. دوو کچی جەمشید شا. "ئەرنەواز، شەهرناز" لە حەرەمسەرای زوحاك وەدەرهاتن و گەیشتنە لای فەرەیدوون.

فەرەیدوون پرسی زوحاك لە کوێیە؟

وتیان: ڕۆیشتووە بۆ هندوستان، تا هەزاران بکوژێت و لە خوێنی ئەو کوژراوانەدا مەلە بکا و لە نفرین ڕزگاری بیٚ... ئەمە ڕاوێژی ئەستێرەناسان و جادووگەرانە کە بەویان وا ڕاگەیاندووە.

زوحاك کە بەرەو هندوستان بەڕێگەوەبوو، پارێزگاری زێڕ و زیو و سامانی شاهی سپاردبووە باوەڕ پێکراوی بەناوی «کوندرەو» چاوساقی زوحاك کە گەیشتە ناو کۆشکی شاهی و شایەکی تازە و تاج لەسەری دی و ئەرنەواز و شەهرنازی لە چەپ و ڕاستی شای تازەدا بینی.

ئاشوفتە نەبوو، نەترسا و لە فەرەیدوون هاتە پێشەوە و سەری ستایشی بۆ دانەواندەوە.. فەرەیدوون فەرمانی پیٚ دا تا بەزمی رابواردن پێك بهێنێت، "کوندرەو" کە بینی وا فەرەیدوون و هاوالاٌنی سەرگەرمی بەزم و ڕابواردنن، ئاستە و ئارام خۆی دزییەوە و خۆی گەیاندە زوحاك و ئەوەی دیبووی بۆی گێڕایەوە.

زوحاك وتی: ناڵێی رەفتاریان چۆنە؟

کوندرەو وتی: کچانی جەمشید دەستیان لە ملی فەرەیدووندایە و رادەبوێرن.

زوحاك، خوێنی هاتە جۆش و ئازا فەرمانی گەڕانەوەی بەرەو کۆشکی شاهی دا و گەیشتە شار و ناو کۆشك و شەڕ دەستی پیٚ کرد. ئەوەی لە شاردا بوو، دوژمنی زوحاك و دەسەڵاتی زوحاك بوو. ئەوەی توانای شەڕی هەبوو دژ بە زوحاك و سوپای زوحاك کەوتنە شەڕەوە، زوحاك کەوتە تەقەللای ئەوەی خۆی بگەیەنێتە تەلاری شاهی، بۆ ئەوەی نەیناسن «بەرگی نەناسراو و کڵاوخوزەی لە سەرنا بەکەمەند خۆی گەیاندە تەلاری شاهی. روانی وا شەهرناز لە تەنیشت فەرەیدووندایە و جنێوی پیٚ دەدا، گڕی سەند و پەلاماری دا.. فەرەیدوون گورزی گاسەری بەدەستەوە گرت و بە تەواوی تواناوە ماڵی بەسەر زوحاکدا، ویستی بیکوژێت فریشتەیەك لە

ئاسمان هاته خوارەوە و بەفەرەیدوونی وت: نا، مەیکوژە.. یەشتا کاتی مردنی نەهاتووە.. پێوەنی بکە و لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی چیای دەماوەندا چوار مێخەی بکێشە و کەسی لە خوێشان و دەست پاکانی لێوە نزیك نەبنەوە.. فەرەیدوون ئەو ئامۆژگارییانەی موو بەموو ئەنجام داو ئەو دەم بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر تەختی زێرینی شاهی دانیشت و فەرمانڕەوایی دەست پێ کرد.

جەژنی میهرگان، یادگاری فەرمانڕەوایی فەرەیدوونە، پێنج سەد ساڵ فەرمانڕوایی کرد «فەرانەك»ی دایکی فەرەیدوون نەیدەزانی زوحاك گیراوە کوڕەکەشی بووە بە شاهەنشای ئێران، کەبیستی سەری ستایشی بۆ پەروەردگار خستە سەر زەوی ئەوەی دارایی باو باپیری فەرەیدوون بوو بۆی هەنارد.

فەرەیدوون کەوتە گەڕانی وڵاتان و دادپەروەری و کردار و کردەوەی باشی کردە پیشەی خۆی و لە ناو خەڵکدا بڵاو کردەوە.

پەنجا ساڵ بەسەر فەرمانڕەوایی فەرەیدووندا تێپەڕی، لە دوو کچی جەمشید شا شەهرناز و ئەرنەواز، سێ کوڕی بوو، دووان لەو کوڕانە لە شەهرناز و یەکێکیان لە ئەرنەواز، باوکیان ناویانی نەنابوو، یەکێك لەو کوڕانەی زۆر خۆش دەویست، ویستی ژنیان بۆ بهێنێت، دەم چەرموویەکی نێو کۆمەڵگەی ئێرانی هەڵبژارد و بەناوی «جەندەل» تا سێ کچ بۆ سێ کوڕەکەی بدۆزێتەوە و خوازبێنی بکات، بەمەرجێك ئەو سێ کچەش هەرسێکیان خوشك بن و باڵا و روخسار و روویان وەك یەك بن، جەندەڵ تەواوی ئێران گەڕا، ئاوا سێ خوشکێکی پەیدا نەکرد، تا هەواڵی پێگەیشت کە لە وڵاتی «یەمەن»دا شای ئەو وڵاتە ئاوا سێ کچێکی هەیە بەو ناوونیشانەی کە ئەو دەیەوێ. جەندەڵ خۆی گەیاندە وڵاتی یەمەن و ڕۆیشتە خزمەتی شای وڵات و پەیامی شا فەرەیدوونی گەیاندە شای یەمەن، بەلای شای یەمەنەوە، دژوار بوو هەرسێ کچەکەی بەو شێوە دوور بکەونەوە، نەشیدەتوانی داوای شایەکی دەسەڵاتداری وەك فەرەیدوون بخاتە پشت گوێوە و ئەنجام نەدا، بە جەندەلی گوت: لێگەڕێ با لەگەڵ دەوروبەرمدا بدوێم ئەو دەم وەڵامت دەدەمەوە.

دوای یەك دوو ڕۆژ گفتوگۆ، شای یەمەن لەگەڵ دەوروبەریدا نەگەیشتە ئاکام، سەرئەنجام بە جەندەڵی گوت:

من وا بەچاك دەزانم با سێ کوڕی فەرەیدوون شا تەشریف بهێنێن بۆ ئەیرانە و لە نزیکەوە بیانبینم، ئەو دەم فەرمانی شا جێبەجێ دەکرێت...».

جەندەل دوای وەڵامی شای یەمەن، تەختی شای یەمەنی ماچ کرد و گەڕایەوە ئێران و وتەی شای یەمەنی گەیاندە فەرەیدوون شا.

شا فەرەیدوون، زەوار و بنەوبارگەی شاهی رازاندەوە و سێ کوڕی بەرەو وڵاتی یەمەن نارد.

لە وڵاتی یەمەندا شاریان رازاندەوە، سوپا و لەشکری یەمەنی هاتنە پێشوازی سێ کوڕی شای ئێرانەوە، هەر لەوێڕا بەزم و شایی ئەنجام درا و، سێ کوڕی شا لەگەڵ سێ دەستە خوشکی بە بووك گەڕانەوە ئێران.

کوڕانی بەزاوا بووە فەرەیدوون، کە گەیشتنە وڵات، فەرەیدوون ئەو دەم بانگیانی کرد و ناوی لێیان نا...

گەورەکەیان سلەم و ناوەڕاست تور و گچکەکەشی «ئیرەج»ی ناونا، هەروەها ناوی سێ تازە بووکیشی گۆڕی..

ژنی سلەمی، ناونا «ئارەزوو»، ژنی کوڕی ناوەڕاستی ناونا «مانگی ئازاد پیشە» و بووکی کوڕە بچووکی ناونا «سوهی»..

بەپێی بیروڕای ئەستێرەناسان و پێش گۆیان وڵاتەکانی ژێردەستەی دابەش کردە سەر هەرسێ کوڕەکەدا، وڵاتی روم و ڕۆژئاوای بەخشییە کوڕە گەورەکەی سلەم، وڵاتی تورانی کردە بەشی «تور»ی کوڕی ناوەڕاست، ئێران و وڵاتی یەمەن و عەرەبستانی دا بەکوڕە بچووکی ئیرەج و هەر یەکەیانی هەناردە جێگەی فەرمانڕەوایی خۆیان.

ڕۆژگار گوزەرا و فەرەیدوون تا دەبوو بەسالادەچوو خەمگین و ئازار دیدە دەهاتە بەرچاو، سلەم کوڕە گەورەکەی فەرەیدوون لە جۆری دابەشی دەوڵەت و دەسەڵاتی باوکی ناڕازی بوو، حەسوودی بە ئیرەجی برا، بچووکی دەبرد، پەیکێکی هەناردە لای «تور»ی برای شای توران و ئەویشی کردە هاوبیری خۆی، بڕیاریان دا لەو رووەوە نامەیەك بۆ باوکیان بنووسن و ناڕازیبوونی خۆیان تێدا دەرخەن. دوای ڕاوێژ و لێکدانەوە، پەیکیان هەناردە لای باوکیان، داوا و نیازەکانیان پڕ بوو لە هەڕەشە و قسەی تاڵ و کرچوکاڵ، کە بۆ ئەوەندە جیاوازی خستووەتە نێوانیانەوە... مەگەر لە باوك و دایکێك نین.. ئەوان خۆ لە ئیرەج گەورەتریشن، بەو بۆنەیەوە دەیانەوێت تاجی وڵاتی ئێران لە ئیرەج بسێنێنەوە بینێرێتەوە وڵاتێکی کە، ئەگینا بە سوپا و لەشکرەوە پەلاماری ئێران دەدەین. پەیك گەیشتە خزمەتی جەمشید و نامەی پڕ لە هەڕەشەی گەیاندە خزمەتی، فەرەیدوون ئاڵۆز و پەرێشان بوو، بە پەیکی ڕاگەیاند: کە بەو دوو ناپاکە بڵێ: دیارە ئەهریمەن کاری تێ کردوون و سەری لێ شێواندوون، دابەشکردنی وڵاتانی ژێر دەستەی من بەسەریاندا لە رووی لێکدانەوەی ئەستێرەناسان و تێگەیشتووان بووە.

دوای گەڕانەوەی پەیك فەرەیدوون ئیرەجی کوڕە بچووکی لە پەیامی براکانی ئاگادار کردەوە.

ئیرەج بە فەرەیدوونی باوکی وت: ئەگەر رای شای لەسەر بێت بەندە بۆ خۆم دەڕۆم بۆ لایان دڵنەوازیان دەکەم، کە کینەی جەنابت لە دڵیاندا بێ جێگەیە.

فەرەیدوون لەوەڵامدا وتی: بیروڕای تۆ پڕە لە دڵسۆزی و میهرەبانی، باشە ئەوی بەچاك دەزانی بیکە...

دوای چەند ڕۆژێك ئیرەج بەرەو لای «سلەم»ی برای وەڕێکەوت، هەڵگری نامەی فەرەیدوونی باوکی بوو... تیایدا نووسیبووی:

کەوا ئیرەج ئامادەیە چاوپۆشی هەتاوەکو لە تاج و تەختیشی بکات.. ڕیزی لێ بگرن و دوای چەند ڕۆژێك بینێرنەوە لام... بەگەیشتنی ئیرەج بۆ لای براکانی، کەوتنە قسەی ناڕێك بەبراکەیان. « تور»ی تووڕە و ئاڵۆز بەتەواوی توانایەوە کورسی زێڕینی ماڵییە سەری ئیرەجدا.. ئیرەج پاڕایەوە.. پاڕانەوە سوودی نەبوو، سەرەئەنجام دوو برا سەری ئیرەجیان بڕی و ناردیانەوە بۆ فەرەیدوونی باوکیان.

فەرەیدوون بەتاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئیرەجی دەکرد لەگەڵ چەند دەم چەرموویەکدا ڕۆیشتبوون پێشوازی.. لە دوورەوە سوارێکی تابووت لە پێش دەرکەوت و زۆری نەخایاند تابووتی لە پێش فەرەیدووندا دانا، کە سەریان هەڵدایەوە سەری ئیرەجی تێدابوو.. فەرەیدوون هاواری لێ هەڵسا، یەخەی خۆی دادڕی.. سەرتاسەری ئێران کەوتنە تازێبارییەوە. فەرەیدوون لە پەروەردگار پاڕایەوە کە سزای بکوژەکانی ئیرەج بدا و یەکێك لە توخماتی ئیرەج هەڵخا تا تۆڵەی بکاتەوە.. ماوەیەك لە کوشتنی ئیرەج گوزەرابوو، فەرەیدوون ئاگەدار کرا کەوا کە فیزەیێك بە ناوی «ماهـ ئافەرید» لە ئیرەج باردارە و سکی پڕە، زۆری نەکێشا [ماهـ ئافەرید] کچێکی بوو کە گەورەبوو کرایە دەزگیرانی «پەشەنگ»ی برازای فەرەیدوون، لەو هاوسەرییە کوڕێك هاتە دنیاوە، بەناوی «مەنوچەهر». ساڵ گوزەرا، مەنوچەهر ئەوەی رەسم و رەواڵی سوارکاری و پاڵەوانی هەبوو پێی فێر کرا و ئیتر مەنوچەهر بوو بە دیدگا و ئومێدی فەرەیدوون، تاج و تەختی ئێرانی پێ بەخشی، ئەوەی گەنج و سامانی شاهی بوو، بە مەنوچەهری بەخشی، تەواوی پاڵەوانانی ئێران سەرجەم خرانە ژێر فەرمانییەوە. هەواڵ گەیشتە سلەم و تور، کەوا تەخت و بەختی ئێران بەخشراوەتە مەنوچەهر.. بەو هەواڵە کەوتنە نیگەرانییەوە، نامەی پەشیمانییان بۆ باوکیان نووسی، تا لە تاوانەکەیان خۆشبێت.. دیاری نایاب و جانەوەرانی عەجایەبیان خزمەتی باوکیان، داواکاربوون مەنوچەهر و لەشکری مەنوچەهر بنێرێت تا بەندەگی و بچووکی مەنوچەهر بکەن.. فەرەیدوون زانی وا پەیکی سلەم و تور هاتوون بە سەرتەختی شاهییەوە دانیشت و تاجی شاهی لەسەر مەنوچەهر ناو لە دەستی ڕاستی خۆیەوە داینا و ئەوەی پیاوماقووڵی دەرباریش بوو لە تالاری شاهیدا کۆی کردنەوە. پەیك بە زمانی لووسییەوە پەیامی (سلەم و تور)ی ڕاگەیاند، کە وتەی تەواو کرد فەرەیدوون وتی:

« لەو درەختەی وا بڕیتانەوە چڵێکی لێ وەدەر هاتووە مایەی شانازی ئێرانە، بۆ خۆت بەچاو دەیبینیت.. هیچ ئەملا و ئەولای تێدا نییە، بۆ خۆی تۆڵەی ئیرەج دەسێنێتەوە.. هەستە بڕۆرەوە، ئەوی بیستووتە و دیتە بەچاوان، بیگێڕەرەوە، پەیك گەڕایەوە، ئەوی لە شا فەرەیدوونی بیستبوو بەچاوی خۆی دیبووی بۆ «سلەم و تور» ی گێڕایەوە.. «سلەم و تور» بۆیان دەرکەوت، تەنیا ڕێگەیەکیان لەبەر بێت، تەنیا شەڕە و بەس، کەوتنە لەشکر کۆکردنەوە و بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ.

لەشکری سلەم و تور، گەیشتبووە سەر سنووری ئێران، فەرەیدوون فەرمانی دایە مەنوچەهر تا لەشکر ئامادە بکا، مەنوچەهر و فەرەیدوون لە مێژەوە ئامادەی ئەو شەڕە بووبوون، درەفشی «کاویان» یان خستە پێشی لەشکرەوە، قارەمانانی تاقیکراوەی مەیدانی شەڕ هەریەکە و بەدەستە و دایەرەی خۆیەوە ڕۆیشتنە ریزی لەشکرەوە. دوو لەشکر بەرامبەر یەك راوەستاون.. سلەم تور ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو لەو شەڕەیدا سەرکەوتوو نابن، بڕیاریان دا شەبەیخوون بکەن و بەشەو هێرش بکەنە سەر لەشکری ئێران، بۆ ئەو مەبەستە سەد هەزار جەنگاوەریان ئامادە کرد، فەرماندەری ئەو شەو هێرشە سپێردرایە «تور» کە پەلاماردرا مەنوچەهر لە مێژدا ئاگەداری ئاوا پەلامارێك بوو، ڕۆیشتبووە بۆ سەوەو ئامادە بوو... کە لەشکری شەو هێرش پەلاماری دا مەنوچەهر بەدوای «تور»دا دەگەڕا و توانی بیدۆزێتەوە و دەستنیشانی بکا و توانی بەرم تور بکوژێت و تور لە ئەسپدا کەوتە خوارەوە و مەنوچەهر دابەزی و سەری لە لەشی جوێ کردەوە، نامەیەکی بۆ فەرەیدوون نووسی، وا سەری ″تور″م بۆ هەناردی و بە دوای ″سلەم″ دام.. سلەم کە زانی تور سوپاکەی تەفروتونا کراوە و خۆی دزییەوە تا پەنا بباتە قەڵای ئالان کە بەسەر لێواری دەریاوە بوو «کارن» یەکێك بوو لە قارەمانانی لەشکری ئێران دەیزانی ئەو قەڵایە سەخت و دژوارە گرتنی.. خۆی گەیاندە دەروازەی ئەو قەڵایە، بە چاودێرانی وت: کەوا لەلایەن «تور»ەوە هاتووە و ئەوەش ئەنگوستیلەکەیەتی.. فەرماندەری قەڵا بەو ناوونیشانە متمانەی پەیدا کرد و ڕێگەی بە «کارن»دا تا بڕواتە ناو قەڵاوە، لەو شەوەدا کارن کەوتە تەقەڵڵاوە «شیروەی» هاوکاری کارن لە دوورەوە چاوەڕوانی ئیشارە و ئاماژەی کارن بوو بە خۆی و جەنگاوەرانییەوە پەلاماری قەڵای دا و ئەوی پاسەوان بوو کوشتیان و قەڵاکەشیان سووتاند.

سلەم سەر لێشێواو بەرەو قەڵا دەرۆیشت، کە گەیشتە لای قەڵا ئەوەی دەیدی لاشەی کوژراوان بوو...

نا ئومێد و پەرێشان نەیدەزانی روو لە کوێ بکات..

مەنوچەهر شوێن پای «سلەم»ی هەڵگرتبوو خۆی گەیاندە سلەم و بە ئاسانی توانی لە ئەسپەکەی بەری بداتە خوارەوە و بۆی دابەزی و پای لەسەر سینەی دانا و سەری سلەمی بڕی و ئەویشی ناردە خزمەتی شا فەرەیدوون.. لەشکری سلەم وەك مەڕی بێ شوان و خاوەن پەخش و بڵاو بووبوونەوە و دەپاڕانەوە.

دوای ئەو شەڕە فەرەیدوون سەری هەرسێ کوڕەکەی خستە چاڵ و بەدڵێکی زارەوە سەری نایەوە و لە جیهان دەرچوو.



پژوهنده نامهٔ باستان
که از پهلوانان زند داستان

چنین گفت کآیین تخت و کلاه
کیومرث آورد و او بود شاه

پسر بد مراو را یکی خوبروی
هنرمند و همچون پدر نامجوی

سیامک بدش نام و فرخنده بود
کیومرث را دل بدو زنده بود

برآمد برین کار یک روزگار
فروزنده شد دولت شهریار

بگیتی نبودش کسی دشمنا
مگر بد کنش ریمن آهرمنا

یکی بچه بودش چو گرگ سترگ
دلاور شده با سپاه بزرگ

جهان شد بر آن دیوبچه سیاه
ز بخت سیامک وزان پایگاه

سپه کرد و نزدیک او راه جست
همی تخت و دیهیم کی شاه جست

پذیره شدش دیو را جنگجوی
سپه را چو روی اندر آمد بروی

بزد چنگ وارونه دیو سیاه
دوتا اندر آورد بالای شاه

فکند آن تن شاهزاده بخاک
بچنگال کردش کمرگاه چاک

چو آگه شد از مرگ فرزند شاه
ز تیمار گیتی بر او شد سیاه

خجسته سیامک یکی پور داشت
که نزد نیا جاه دستور داشت

گرانمایه را نام هوشنگ بود
تو گفتی همه هوش و فرهنگ بود

جهاندار هوشنگ با رای و داد
بجای نیا تاج بر سر نهاد



هۆشەنگ لە دوای کوشتنی باوکی سیامەك لە جێگەی باپیری بوو بە فەرمانڕەوا

بفرمان یزدان پیروزگر / بداد و دهش تنگ بسته کمر
یکی روز شاه جهان سوی کوه / گذر کرد با چند کس همگروه
پدید آمد از دور چیزی دراز / سیه رنگ و تیره تن و تیزتاز
نگه کرد هوشنگ با هوش و سنگ / گرفتش یکی سنگ و شد تیز چنگ
برآمد بسنگ گران سنگ خرد / هم آن و هم این سنگ بشکست گرد
فروغی پدید آمد از هر دو سنگ / دل سنگ گشت از فروغ آذرنگ
نشد مار کشته ولیکن زراز / پدید آمد آتش از آن سنگ باز
شب آمد برافروخت آتش چو کوه / همان شاه در گرد او با گروه
یکی جشن کرد آنشب و باده خورد / سده نام آن جشن فرخنده کرد
ز هوشنگ ماند این سده یادگار / بسی باد چون او دگر شهریار
کز آباد کردن جهان شاد کرد / جهانی بنیکی از او یاد کرد
چو پیش آمدش روزگار بهی / از او مردری ماند تخت مهی
زمانه نداد ش زمانی درنگ / شد آن هوش هوشنگ بافرهنگ
پسر بد مر او را یکی هوشمند / گرانمایه تهمورث دیوبند



هوشەنگ لە دوورەوە ڕەش مارێکی وەدی کرد و بەردی تێ گرت و بەردەکەی لە بەردێکی تر کەوت و ئاگری لێ کەوتەوە و لەو دەمەیڕا پەیان بەئاگر و گرینگی ئاگر برد

بیامد بتخت پدر بر نشست — بشاهی کمر بر میان بر ببست
مر او را یکی پاک دستور بود — که رایش ز کردار بد دور بود
برفت اهرمن را بافسون ببست — چو بر تیزرو بارگی بر نشست
زمان تا زمان زینش برساختی — همی گرد گیتیش بر تاختی
چو دیوان بدیدند کردار اوی — کشیدند گردن ز گفتار اوی
چو تهمورث آگه شد از کارشان — برآشفت و بشکست بازارشان
از ایشان دو بهره بافسون ببست — دگرشان بگرز گران کرد پست
کشیدندشان خسته و بسته خوار — بجان خواستند آنگهی زینهار
که ما را مکش تا یکی نو هنر — بیاموزی از ما کت آید ببر
چو آزاد گشتند از بند اوی — بجستند ناچار پیوند اوی
نبشتن بخسرو بیاموختند — دلش را بدانش برافروختند
جهاندار سی سال ازاین بیشتر — چگونه پدید آوریدی هنر
برفت و سرآمد براو روزگار — همه رنج او ماند از او یادگار
گرانمایه جمشید فرزند اوی — کمر بست یکدل پر از پند اوی
برآمد بر آن تخت فرخ پدر — برسم کیان بر سرش تاج زر
منم گفت با فره ایزدی — همم شهریاری همم موبدی



دێوەکان سێ جۆرە خەتیان فێری "تەهمورس" کرد: رومی، عەرەبی، فارسی.. سفدی و چینی، پەهلەوی لەو سێ جۆرە خەتەوە جوێ بوونەتەوە

نخست آلت جنگ را دست برد — در نام جستن به گردان سپرد
بفر کیی نرم کرد آهنا — چو خود و زره کرد و چون جوشنا
چو خفتان و تیغ و چو برگستوان — همه کرد پیدا به روشن روان
بدین اندرون سال پنجاه رنج — ببرد و ازین چند بنهاد گنج
دگر پنجه اندیشهٔ جامه کرد — که پوشند هنگام بزم و نبرد
بیاموختشان رشتن و تافتن — بتار اندرون پود را بافتن
ز هر پیشه‌ور انجمن گرد کرد — بدین اندرون نیز پنجاه خورد
گروهی که کاتوزیان خوانیش — برسم پرستندگان دانیش
جدا کردشان از میان گروه — پرستنده را جایگه کرد کوه
بدان تا پرستش بود کارشان — نوان پیش روشن جهاندارشان
صفی بر دگر دست بنشاندند — همی نام نیساریان خواندند
کجا شیر مردان جنگ آورند — فروزندهٔ لشکر و کشورند
نسودی سه دیگر گره را شناس — کجا نیست از کس بریشان سپاس
بکارند و ورزند و خود بدروند — بگاه خورش سرزنش نشنوند
چهارم که خوانند اهتوخشی — همان دست ورزان با سرکشی
کجا کارشان همگنان پیشه بود — روانشان همیشه پراندیشه بود



هوشەنگ ئاسنگەری کردە پیشە و ئاسنی لە خۆڵ و خاك جوێ کردەوە

از این هر یکی را یکی پایگاه — سزاوار بگزید و بنمود راه
بفرمود پس دیو ناپاک را — بآب اندر آمیختن خاک را
بسنگ و بگچ دیو دیوار کرد — نخست از برش هندسی کار کرد
چو گرمابه و کاخ های بلند — چو ایوان که باشد پناه گزند
ز خارا گهر جست یک روزگار — همی کرد از او روشنی خواستار
دگر بویهای خوش آورد باز — که دارند مردم ببویش نیاز
پزشکی و درمان هر دردمند — در تندرستی و راه گزند
گذر کرد از آن پس بکشتی بر آب — ز کشور بکشور گرفتی شتاب
همه کردنیها چو آمد بجای — ز جای مهی برتر آورد پای
بفر کیانی یکی تخت ساخت — چه مایه بدو گوهر اندر نشاخت
که چون خواستی دیو برداشتی — ز هامون بگردون برافراشتی
چو خورشید تابان میان هوا — نشسته برو شاه فرمانروا
جهان انجمن شد بر آن تخت اوی — شگفتی فرو مانده از بخت اوی
بجمشید بر گوهر افشاندند — مر آن روز را روز نو خواندند
سر سال نو هرمز فرودین — برآسوده از رنج روی زمین
چنین جشن فرخ از آن روزگار — بما ماند از آن خسروان یادگار



جەمشید تەختێکی زێڕینی سازاند و لەسەری دانیشت و فەرمانی بەچوار دێو دا کە بە ئاسماندا بیگێڕن



چو چندی برآمد برین روزگار
ندیدند جز خوبی از شهریار
جهان سربسر گشت او را رهی
نشسته جهاندار با فرهی
یکایک بتخت مهی بنگرید
بگیتی جز از خویشتن را ندید
منی کرد آن شاه یزدان شناس
ز یزدان بپیچید و شد ناسپاس
چنین گفت با سالخورده مهان
که جز خویشتن را ندانم جهان
جهان را بخوبی من آراستم
چنانست گیتی کجا خواستم
شما را ز من هوش و جان در تنست
بمن نگرود هر که آهرمنست
گر ایدون که دانید من کردم این
مرا خواند باید جهان آفرین
چو این گفته شد فر یزدان ازوی
بگشت و جهان شد پر از گفتگوی
بیزدان هر آنکس که شد ناسپاس
بدلش اندر آید ز هر سو هراس
بجمشید بر تیره گون گشت روز
همی کاست آن فر گیتی فروز

یکی مرد بود اندر آن روزگار
ز دشت سواران نیزه گذار
که مرداس نام گرانمایه بود
بداد و دهش برترین پایه بود
پسر بد مر آن پاکدین را یکی
کش از مهر بهره نبد اندکی
جهانجوی را نام ضحاک بود
دلیر و سبکسار و ناپاک بود



جەمشید بە ئەندازەیەك لە کار و کردەوەی خۆی بایی بوو دەیوت لەم جیهانەدا لەو مەزنتر
نییە و نەبووە و داوای پەرستنی لە خەڵك دەکرد

کجا بیور اسپش همی خواندند | چنین نام بر پهلوی راندند
کجا بیور از پهلوانی شمار | بود بر زبان دری ده هزار

چنان بد که ابلیس روزی پگاه | بیامد بسان یکی نیکخواه
دل مهتر از راه نیکی ببرد | جوان گوش گفتار او را سپرد
بدو گفت پیمانت خواهم نخست | پس آنگه سخن برگشایم درست
جوان ساده دل بود فرمانش برد | چنان کو بفرمود سوگند خورد
که راز تو با کس نگویم ز بن | ز تو بشنوم هرچه گویی سخن
بدو گفت جز تو کسی کدخدای | چه باید همی با تو اندر سرای
چه باید پدر کش پسر چون تو بود | یکی پندت از من بباید شنود
بگیر این سرمایه و رجاه او | ترا زیبد اندر جهان گاه او
چو ضحاک بشنید اندیشه کرد | ز خون پدر شد دلش پر ز درد
بابلیس گفت این سزاوار نیست | دگر گوی کاین از در کار نیست
بدو گفت گر بگذری زین سخن | بتابی ز سوگند و پیمان من
بماند بگردنت سوگند و بند | شوی خوار و ماند پدرت ارجمند
سر مرد تازی بدام آورید | چنان شد که فرمان او برگزید

شەیتان بەشێوەی مرۆڤێك خۆی گەیاندە لای زوهاك و هانی لە ناوبردنی باوكی دا

بدو گفت من چاره سازم ترا — به خورشید سر بر فرازم ترا

مر آن پادشا را در اندر سرای — یکی بوستان بود بس دلگشای
گرانمایه شبگیر بر خواستی — ز بهر پرستش بیاراستی
سر و تن بشستی نهفته بباغ — پرستنده با او نبردی چراغ
برآن رای وارونه دیو نژند — یکی ژرف چاهی بره بر بکند
سر تازیان مهتر نامجوی — شب آمد سوی باغ بنهاد روی
بچاه اندر افتاد و بشکست پست — شد آن نیکدل مرد یزدان پرست
فرومایه ضحاک بیدادگر — بدین چاره بگرفت گاه پدر

چو ابلیس پیوسته دید آن سخن — یکی بند دیگر نو افکند بن
جوانی بر آراست از خویشتن — سخن گوی و بینا دل و پاک تن
همیدون بضحاک بنهاد روی — نبودش جز از آفرین گفت و گوی
بدو گفت گر شاه را در خورم — یکی نامور پاک خوالیگرم
چو بشنید ضحاک بنواختش — ز بهر خورش جایگه ساختش
کلید خورش خانهٔ پادشا — بدو داد دستور فرمان روا
فراوان نبود آن زمان پرورش — که کمتر بد از کشتنیها خورش

شەیتان رێگەی بۆ زوهاك دانا تا چاڵ لە رێگەی باوکیدا هەڵکەنی و باوکی لەو چاڵە کەوێ

جز از رستنیها نخوردند چیز — ز هر چ از زمین سر برآورد نیز

پس اهرمن بدکنش رای کرد — بدل کشتن جانور جای کرد

ز هر گوشت از مرغ و از چارپای — خورشگر بیاورد یک یک بجای

چو ضحاک دست اندر آورد و خورد — شگفت آمدش زان هشیوار مرد

بدو گفت بنگر که تا آرزوی — چه خواهی بگو با من ای نیکخوی

خورشگر بدو گفت کای پادشا — همیشه بزی شاد و فرمانروا

یکی حاجتستم بنزدیک شاه — وگر چه مرا نیست این پایگاه

که فرمان دهد شاه تا کتف اوی — ببوسم بدو برنهم چشم و روی

بدو گفت دادم من این کام تو — بلندی بگیرد مگر نام تو

چو بوسید شد بر زمین ناپدید — کس اندر جهان این شگفتی ندید

دو مار سیه از دو کتفش برست — غمی گشت و از هر سویی چاره جست

پزشکان فرزانه گرد آمدند — همه یک بیک داستانها زدند

بسان پزشکی پس ابلیس تفت — بفرزانگی نزد ضحاک رفت

بدو گفت کاین بودنی کار بود — بمان تا چه گردد نباید درود

خورش ساز و آرامشان ده بخورد — نشاید جز این چاره ای نیز کرد

بجز مغز مردم مده شان خورش — مگر خود بمیرند از این پرورش



شەیتان لە شێوەی ئاشپەزدا شانی زوهاك ماچ دەكا و دوو مار لەسەر شانی دەڕوێت



ازآن پس برآمد زایران خروش — پدید آمد از هر سویی جنگ و جوش
سیه گشت رخشنده روز سپید — گسستند پیوند از جمشید
برو تیره شد فره ایزدی — بکژی گرایید و نابخردی
پدید آمد از هر سویی خسروی — یکی نامجویی ز هر پهلوی
سپه کرده و جنگ را ساخته — دل از مهر جمشید پرداخته
یکایک زایران برآمد سپاه — سوی تازیان برگرفتند راه
شنودند کانجا یکی مهتر است — پر از هول شاه اژدها پیکر است
سواران ایران همه شاهجوی — نهادند یکسر بضحاک روی
بشاهی برو آفرین خواندند — وراشاه ایران زمین خواندند
کی اژدهافش بیامد چو باد — بایران زمین تاج بر سر نهاد
چو ضحاک شد بر جهان شهریار — برو سالیان انجمن شد هزار
نهان گشت آیین فرزانگان — پراگنده شد کام دیوانگان
هنر خوار شد جادویی ارجمند — نهان راستی آشکارا گزند
شده بر بدی دست دیوان دراز — بنیکی نرفتی سخن جز براز
دو پاکیزه از خانهٔ جمشید — برون آوریدند لرزان چو بید
که جمشید را هر دو دختر بدند — سر بانوان را چو افسر بدند

لێزانانی دوور و نزیك كۆ دەكرێنەوە تا دوو ماری سەر شانی زوهاك لەناوبوەن، شەیتان ئەم جارە وەك پزیشك دێتەوە دەربار و پێشنیازی كوشتنی دوو گەنج دەكا و مێشكیان دەرخواردی مارەكانی سەر شانی زوهاك بدەن.

ز پوشیده رویان یکی شهرناز / دگر ماهرویی بنام ارنواز
بایوان ضحاک بردندشان / بدان اژدهافش سپردندشان
بپروردشان از ره جادویی / بیاموختشان کژی و بدخویی

چنان بد که هر شب دو مرد جوان / چه کهتر چه از تخمهٔ پهلوان
خورشگر ببردی بایوان شاه / همی ساختی راه درمان شاه
بکشتی و مغزش بپرداختی / مران اژدها را خورش ساختی
دو پاکیزه از گوهر پادشا / دو مرد گرانمایه و پارسا
یکی نام ارمایل پاک دین / دگر نام گرمایل پیش بین
چنان بد که بودند روزی بهم / سخن رفت هرگونه از بیش و کم
زبیدادگر شاه و ز لشکرش / وزان رسم های بد اندر خورش
یکی گفت ما را بخوالیگری / بباید بر شه شد از چاکری
وزان پس یکی چاره ای ساختن / ز هر گونه اندیشه پرداختن
مگر زین دو تن را که ریزند خون / یکی را توان آوریدن برون
برفتند و خوالیگری ساختند / خورشها و اندازه بشناختند
خورش خانهٔ پادشاه جهان / گرفت آن دو بیدار دل درنهان



زوهاك خەو دەبينێت كە گەنجێكی گورزبەدەست بەشێوەی سەری گا يەخسيری دەكا و
پەلەكێشی چيای دەماوەندی دەكا

چو آمد به هنگام خون ریختن — به شیرین روان اندر آویختن
از آن روزبانان مردم‌کشان — گرفته دو مرد جوان را کشان
دمان پیش خوالیگران تاختند — ز بالا بروی اندر انداختند
پر از درد خوالیگران را جگر — پر از خون دو دیده پر از کینه سر
همی بنگرید این بدان آن بدین — ز کردار بیداد شاه زمین
از آن دو یکی را بپرداختند — جز این چاره‌ای نیز نشناختند
برون کرد مغز سر گوسفند — بیامیخت با مغز آن ارجمند
یکی را بجان داد زنهار و گفت — نگر تا بیاری سر اندر نهفت
نگر تا نباشی به آباد شهر — ترا از جهان دشت و کوهست بهر
بجای سرش زان سری بی بها — خورش ساختند از پی اژدها
از این گونه هر ماهیان سی جوان — از ایشان همی یافتندی روان
چو گرد آمدی مرد از ایشان دویست — بر آن سان که نشناختندی که کیست
خورشگر بدیشان بزی چند و میش — سپردی و صحرا نهادند پیش
کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد — که ز آباد ناید بدل برش یاد
چو از روزگارش چهل سال ماند — نگر تا بسر برش یزدان چه راند

زوهاك موبەد و ئەستێرەناسان كۆ دەكاتەوە تا خەوەكەی بۆ لەیەك بدەنەوە. دەترسن.
– زریر پەیامی لهراسب دەگەیەنێتە قەیسەر.

– گەڕانەوەی گشتاسب بۆ ئێران و لهراسب تەختی شاهی بۆ دەگێڕێتەوە.

بەرگی سێیەم

فیردەوسی لە خەودا «دەقیقی» دەبینێت و هەزار بەیتی «دەقیقی» دەگونجێنێتە ناو شانامەوە.

– پاشایەتی گشتاسب سەد و بیست ساڵ دەکێشێت.

– زەردەشت دێتە مەیدانەوە و گشتاسب ئاینی زەردەشت دەسەلمێنێت..

– ئەرجاسب لەوەی ئاگەدار دەبێتەوە کە گشتاسب پەیڕەوی ئاینی زەردەشتی دەکات.

– ئەرجاسب نامە بۆ گشتاسب دەنووسێت.

– ئەرجاسب پەیام دەنێرێتە سەر گشتاسب.

– زەریر وەڵامی ئەرجاسب دەداتەوە.

– پەیام هەڵگرانی ئەرجاسب بەوەڵامی گشتاسبەوە دەگەڕێتەوە.

– ئەرجاسب لەشکر ئامادە دەکا بۆ شەڕی گشتاسب

– گشتاسب لەشکر کۆ دەکاتەوە.

– جاماسب لە ڕووی ئەستێرە ناسییەوە سەرئەنجامی شەڕەکە لێکدەداتەوە و دەیزانێ.

– دوو لەشکر بەرانبەر یەك رادەوەستن.

– کوژرانی ئەردەشێر و وەشیدەسب و ڕێزگرتن لە نێوزاری سەرداری ئێرانی.

– زەریر براکەی گشتاسب دەکوژێ.

– ئەسفەندیار لە کوشتنی زەریر ئاگەدار دەبێت.

– ئەسفەندیار دەڕواتە شەڕی ئەرجاسبەوە.

– ئەرجاسب لە شەڕدا رادەکات.

– ئەسفەندیار تورکەکان دەبەخشێت.

– گەشتاسب دەگەڕێتەوە بەڵخ.

– گەشتاسب ئەسفەندیار بەچوار لادا بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی زەردەشت دەنێرێت.

– گرزەم زەمی ئەسفەندیار دەکات.

– جاماسب دەگاتە لای ئەسفەندیار.

– گشتاسب ئەسفەندیار زیندانی دەکات.
– ئەرخاسب سوپا دەڕازێنێتەوە و گشتاسب دەڕوا بۆ زابولستان.
– لەشکری ئەرجاسب دەگاتە بەڵخ و لهراسب دەکوژرێت.
– گشتاسب لە کوشتنی لهراسب ئاگەدار دەبێ و سوپا بەرەو بەڵخ دەڕوا.
– ئەرجاسب بەسەر گشتاسبدا سەردەکەوێت.
– جاماسب بۆ دیداری ئەسفەندیار دەڕوات.
– ئەسفەندیار و جاماسب بۆ لای کوشتاسب دەڕۆن.
– ئەسفەندیار دەگاتە لای گشتاسب لە چیا..
– شەڕی ئەسفەندیار و ئەرجاسب و دەستگیرکردنی ئەرجاسب.
– گشتاسب دووبارە ئەسفەندیار بۆ شەڕی ئەرجاسب دەنێرێتەوە.
– داستانی حەوت خوانی ئەسفەندیار – ستایشی شاهـ مەحموود.
– سەرەتای داستان.
– خوانی یەکەم و ئەسفەندیار دوو گورگ دەکوژێت.
– خوانی دووەم و ئەسفەندیار چەند شێرێ دەکوژێت.
– خوانی سێیەم و ئەسفەندیار ئەژدیها دەکوژێت.
– خوانی چوارەم و ئەسفەندیار ژنە جادووکەر دەکوژێت.
– سیمرخ لەلایەن ئەسفەندیارەوە دەکوژرێت.. خوانی پێنجەم.
– خوانی شەشەم ئەسفەندیار لە بەفر هەرەس و باران دەگوزەرێ..
– خوانی حەوتەم ئەسفەندیار لە رووبار دەگوزەرێت و گورگسار دەکوژێت.
– ئەفسەندیار بە بەرگی بازرگانییەوە دەڕواتە قەڵای روئینە.
– ئەسفەندیار خوشکەکانی دەناسێتەوە.
– پشوتن پەلاماری پیین قەڵا دەدات.
– ئەسفەندیار ئەرجاسب دەکوژێ.
– نامەنووسینی ئەسفەندیار بۆ گشتاسب و وەڵامەکەی.
– داستانی شەڕی روستەم و ئەسفەندیار.
– سەرەتای داستان.
– ئەسفەندیار داوای تەختی شاهی لە باوکی دەکات.
– گشتاسب وەڵامی ئەسفەندیار دەداتەوە.
– کەتایون تەمێی ئەسفەندیار دەکات.

– ئەسفەندیار لەشکر دەباتە سەر زابولستان.
– ئەسفەندیار بەهمەن دەنێرێتە لای روستەم.
– بەهمەن دەگاتە لای زاڵ.
– بەهمەن پەیام دەگەیەنێتە رۆستەم.
– روستەم وەڵامی بەهمەن دەداتەوە.
– بەهمەن دەگەڕێتەوە.
– روستەم دووبارە وەڵامی دەداتەوە.
– ئەسفەندیار روستەم دەعوەت ناکات.
– ئەسفەندیار داوای لێبوردن لە روستەم دەکات.
– ئەسفەندیار رەگەزی روستەم بەناپاك ناو دەبات.
– روستەم وەڵامی ئەسفەندیار دەداتەوە.
– ئەسفەندیار ستایشی رەگەزی خۆی دەکات.
– روستەم ستایشی پاڵەوانیەتی خۆی دەکات.
– روستەم و ئەسفەندیار پێکەوە مەی دەخۆنەوە.
– روستەم دەگەڕێتەوە دیوەخانی خۆی.
– زاڵ، روستەم تەمێ دەکات.
– شەڕی رۆستەم و ئەسفەندیار.
– کوڕەکانی ئەسفەندیار لەلایەن زەوارە و فەرامەرزەوە دەکوژرێن.
– گریانی ئەسفەندیار بەسەر تەرمی کوڕەکانیدا و ناردنی تابووتەکانیان بۆ لای گشتاسب.
– روستەم لەگەڵ خزمانیدا مشوورەت دەکات.
– سیمرغ چارە بۆ ڕۆستەم دەدۆزێتەوە.
– دووبارە شەڕی روستەم و ئەسفەندیار.
– روستەم ئەسفەندیار دەکوژێت.
– ئەسفەندیار تەمێی روستەم دەکات.
– پشوتن تابووتی ئەسفەندیار دەبا بۆ لای گشتاسب.
– روستەم بەهمەن بۆ ئێران دەنێرێت..
– داستانی روستەم و شغاد – سەرەتای داستان.
– روستەم بۆ کابول دەڕوا بەدوای شغادا.
– شای کابول چاڵ هەڵدەکەنی و روستەم و زەواری تێ دەکەون.

– روستەم شغاد دەکوژێت و بەدوایدا روستەم و زەوارەی برای دەمرن..
– زاڵ لە کوژرانی روستەم و زەوارەی ئاگەدار دەبێت و فەرامەرز تابووتەکەیان دەگەیەنێتە ئەشکەوت.
– گشتاسب تەختی شاهی دەسپێرێتە بەهمەن و بەدوایدا دەمرێت.
– بەهمەن نەوەد و نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی دەکا و بەدوای تۆڵەی خوێنی ئەسفەندیاردا دەگەڕێ.
– بەهمەن زاڵ زیندانی دەکات.
– شەڕی فەرامەرز و بەهمەن و کوژرانی فەرامەرز.
– بەهمەن، زال ئازاد دەکا و دەگەڕێتەوە ئێران.
– بەهمەن کچەکەی خۆی مارە دەکا و دەیکاتە وەلی عەهد.
– پاشایەتی همای سی و دوو ساڵ درێژە دەکێشێت.
– همای، کوڕەکەی دەخاتە ناو سنوقچە و دەیخاتە ناو فوراتەوە.
– گازەر ئەو منداڵە لە ئاو دەگرێتەوە کە ناوی داراب بووە.
– داراب دەربارەی رەگەزی خۆی دەپرسێت.
– رشنواد لە داراب ئاگەدار دەکرێتەوە.
– شەڕی داراب و رومییەکان و راونانی رومییەکان.
– همای کوڕەکەی دەناسێتەوە.
– همای داراب دەکاتەوە شا.
– پاشایەتی داراب دوانزە ساڵ دەخایەنێت.
– داراب شاری داراب دەسازێنێت.
– داراب لەشکری شغویەب راودەنێ.
– شەڕی داراب و فیلقوس کچەکەشی مارە دەکات.
– داراب کچەکەی فیلقوس و دەگێڕێتەوە و ئەسکەندەری لێ دەوێت.
– فیلقوس دەمرێ و ئەسکەندەر دەکرێتە شا.
– ئەسکەندەر دەگاتە سولی بۆلای دارا.
– شەڕی داراو ئەسکەندەر و راونانی دارا.
– شەڕی دووەمی دارا و ئەسکەندەر.
– شەڕی سێیەمی دارا و ئەسکەندەر و راکردنی دارا بەرەو کرمان.
– دارا نامەی ئاشتی بۆ ئەسکەندەر دەنووسێت.
– دارا نامە بۆ بفوری هندوستانی دەنووسێت.

- دارا لەلایەن دوو وەزیریەوە دەكوژرێت.
- ئەسكەندەر نامە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران دەنووسێت.
- پاشایەتی ئەسكەندەر چواردە ساڵی كێشاوە.
- ئەسكەندەر نامە بۆ ژن و كچەكەی دارا دەنووسێ.
- وەڵامی نامەی ئەسكەندەر لەلایەن دایكی «رەوشەنگ»ەوە.
- ئەسكەندەر دایكی دەنێرێتە خوازبێنی رەوشەنەك و دەیخوازێت.
- كیدی هندوستان خەون دەبینێت و میهران رای دەگەیەنێت.
- ئەسكەندەر لەشەكر دەباتە سەر كیدی هندوستان.
- كیدی هندی وەڵامی ئەسكەندەر دەداتەوە.
- دە پیاوی رومی دەڕۆن بۆ دیتنی چوار شتی سەرسام ئاوەری كیدی هندوستان.
- هاتنی كچ و پزیشك و فەیلەسووف بۆ لای ئەسكەندەر.
- تاقیكردنەوەی فەیلەسووف و پزیشك.
- ئەسكەندەر نامە دەكاتە سەر فوری هندوستان.
- فور وەڵامی ئەسكەندەر دەداتەوە.
- ئەسكەندەر لەشكر رێك دەخات بۆ سەر فوری هندوستان.
- ئەسكەندەر فور دەكوژێت و سورەك دەكاتە شا.
- ئەسكەندەر دەڕوا بۆ بینینی كابە.
- ئەسكەندەر سوپا لە جددەوە بۆ میسر دەبات.
- نامەنووسینی ئەسكەندەر بۆ قیدافە شای ئەندەلوس و وەرگرتنی وەڵامی نامەكەی.
- ئەسكەندەر سوپا دەباتە سەر ئەندەلوس و قەڵای شای قرفار دەگرێت.
- ئەسكەندەر دەڕوا بۆ برسولی و قیدافە دەیناسێتەوە.
- قیدافە ئەسكەندەر تەمێ دەكات.
- تینوش وتووێژ لەگەڵ ئەسكەندەردا دەكات.
- قیدافە و ئەسكەندەر پەیمان دەبەستن و ئەسكەندەر دەگەڕێتەوە.
- ئەسكەندەر دەڕواتە شەڕی بەرهمنان و پرسیاركردنی دەربارەی رازەكانیان...
- ئەسكەندەر دەگاتە دەریای رۆژ هەڵات.
- ئەسكەندەر دەگاتە سەر زەوی حەبەشە.
- ئەسكەندەر دەگاتە شاری نەرپایان.
- ئەسكەندەر ئەژدیها دەكوژێت و لە مردن خۆیی ئاگەدار دەبێ.

– ئەسکەندەر دەگاتە شاری ژنان و شتی سەرسوڕهێنەر دەبینێت.
– ئەسکەندەر بەدوای ئاوی زیندەگانیدا دەڕوات.
– ئەسکەندەر بەدوای کچۆڵەدا دەڕوا و سەیروسەمەر دەبینێ.
– ئەسکەندەر شورەی یەئجوج و ماجوج دەسازێنێت.
– ئەسکەندەر دەگاتە شاخێك لەوێڕا لە مردنی خۆی ئاگەدار دەکرێتەوە.
– ئەسکەندەر دەگاتە چین، بۆلای فەغفور..
– شەری ئەسکەندەر لەگەڵ سندیان و ڕۆیشتنی بۆ وڵاتی یەمەن.
– ئەسکەندەر دەگاتە بابل و گەنجینەی کەیخوسرەو دەدۆزێتەوە.
– ئەسکەندەر نامە بۆ ئەرستۆ دەنووسێت و وەڵامەکەی بۆ دێتەوە.
– ئەسکەندەر نامە بۆ دایکی دەنووسێ.
– مردنی ئەسکەندەر و بردنی تابووتەکەی بۆ ئەسکەندەرییە.
– شیوەنی خەڵکی بەسەر ئەسکەندەردا.
– شیوەنی ژن و دایکی ئەسکەندەر بەسەر گۆڕەکەیدا.
– فیردەوسی گلەیی لە ئاسمان دەکا و مەدحی سوڵتان مەحموود دەکات.
– دەسەڵاتی ئەشکانییەکان دوو سەد ساڵ درێژەی دەکێشێت.
– سەرەتای پاشایەتی ئەشکانییەکان.
– بابەك ساسان لە خەوندا دەبینێت کەوا کچەکەی پێ داوە.
– لەدایکبوونی ئەردەشێری بابەکان و سەرگوزەشتەی ئەو لەگەڵ ئەردەواخدا.
– ئردوان لە هەڵگرتنی کەنیزەکەی لەلایەن ئەردەشێرەوە ئاگەدار دەبێ و بەدوایان دەکەوێ.
– ئردوان نامە بۆ بەمەنی کوڕی دەنووسێت و پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەردەشێری دەست بەسەر کردووە.
– تەباك دەڕواتە یارمەتی ئەردەشێرەوە و لەگەڵ بەهمەندا بەشەڕ دێت و بەسەریا سەردەکەوێت..
– ئردوان لەشکر دەباتە سەر ئەردەشێر و لە شەڕدا دەکوژرێت.
– ئەردەشێر شەڕ لەگەڵ کوردەکاندا دەکاو کوردەکان راوی دەنێن.
– ئەردەشێر شەو پەلاماری کوردەکان دەدا و سەردەکەوێت.
– داستانی هەفتواد و سەرگوزەشتەی کەرەم.
– شەڕی ئەردەشێر و هەفتواد و سەرنەکەوتنی.
– مەهرەکی جەهرومی ماڵی ئەردەشێر تالان دەکات.
– ئەردەشێر دەکەوێتە تەقەللای کوشتنی کەرەم.

– ئەردەشێر هەفتواد دەکوژێ..
– پاشایەتی ئەردەشێری بابەکان چل و دوو مانگ بووە.
– ئەردەشێری بابەکان لە بەغدادا لەسەر تەختی شاهی دادەنیشێت.
– سەرگوزەشتەی ئەردەشێر و کچەکەی ئەردوان.
– لەدایکبوونی شاپووری کوڕی ئەردەشێر لە کچەکەی ئردوان.
– نامەی ئەردەشێر بۆ کیدی هندوستان و وەڵام وەرگرتنی.
– سەرگوزەشتەی شاپور و کچی مهدەك و مارەکردنی.
– لەدایکبوونی ئورمزد لەو پێوەندییە.
– داستانی وادو فەرهەنگی ئەردەشێر و چاککردنەوەی دەوڵەتداری.
– ئەردەشێر لەلایەن خرادەوە ستایش دەکرێت.
– دەردی دڵکردن دەربارەی کردەوەی رۆژگار.
– ئەردەشێر تەمێی شاپور دەکات.
– ستایشی پەروەردگار و سوڵتان مەحموود.
– پاشایەتی شاپوور و ئەردەشێر سێ ساڵی کێشاوە.
– لەسەر تەختی شاهی دانیشتنی شاپور.
– شەڕی شاپور و رومەکان و ئاشتبوونەوەی شاپور و قەیسەر.
– پاشایەتی ئورمزدی شاپور یەك ساڵ و دوو مانگی خایاندووە.
– ئورمزد پاشایەتی دەسپێرێتە بەهرام و مردنی.
– پاشایەتی بەهرام سێ ساڵ و سێ مانگ و سێ ڕۆژ درێژە دەکێشێت.
– بەهرام تەمێی کوڕەکەی دەکات.
– پاشایەتی بەهرام و کوڕی بەهرام نۆزدە ساڵ دەخایەنێت.
– پاشایەتی بەهرامی بەهرامیان چوار مانگ بووە.
– پاشایەتی نرسی کوڕی بەهرام نۆ ساڵی کێشاوە.
– پاشایەتی ئورمزدی کوڕی نرسی نۆ ساڵی خایاندووە.
– پاشایەتی شاپوری زولئەکتاف حەفتا ساڵی کێشاوە.
– سایەری عەرەب کچەکەی نرسی دەرفێنێت، شاپور پەلاماری وڵاتی یەمەن دەدا و کچی شای یەمەن عاشقی شاپور دەبێت.
– شاپور بەشێوەی بازرگانی دەگاتە وڵاتی رومەکان و قەیسەر دەستگیری دەکات.
– ژنێك شاپور رزگار دەکا و پێکەوە دەگەڕێنەوە وڵات.

- موبەدەکان و پاڵەوانان لە گەڕانەوەی شاپور ئاگەدار دەبنەوە.
- شەو پەلاماری شاپور بۆ سەر قەیسەر و دەستگیرکردنی قەیسەر.
- ڕۆیشتنی شاپور بۆ سەر رومەکان و شەڕی لە «بایانس»ی برای قەیسەردا.
- رومییەکان بزانوش دەکەنە قەیسەر و نامە بۆ شاپور دەنووسن.
- بزانوش بۆ لای شاپور دەڕوا و پەیمانی دۆستایەتی دەبەستن.
- مانیّ داوای پەیامبەری دەکا و دەڕواتە لای شاپور و شاپور دەیکوژێ..
- شاپور تەختی شاهی دەبەخشێتە براکەی.
- پاشایەتی ئەردەشێر دە ساڵی خایاندووە.
- پاشایەتی شاپور پێنج ساڵ و چوار مانگی کێشاوە.
- پاشایەتی بارامی شاپور چواردە ساڵی خایاندووە.
- پاشایەتی یەزدگرد سی ساڵ درێژەی کێشاوە.
- لەدایکبوونی بەهرامی گۆڕ و سپاردنی بە مونزری عەرەب.
- بەهرام لەگەڵ کچێکدا دەڕوا بۆ نێچیرگا.
- هونەرنمای بەهرام بەلای مونزیرەوە.
- بەهرام و نیهان بۆ لای یەزدگرد دەڕۆن.
- یەزدگرد بەهرام زیندانی دەکا و کە ئازاد دەکرێت دەڕواتەوە بۆ لای مونزر..
- یەزدگرد دەڕوا بۆ کانی سو، ئەسپی ئاوی پەلاماری دەدا و دەیکوژێت.
- ئێرانییەکان خوسرەو بە شا دەکەن.
- بەهرام لە مردنی باوکی ئاگەدار دەبێتەوە و گەڕانەوەی بۆ ئێران.
- ئێرانییەکان نامە بۆ مونزیر دەنووسن و وەڵامەکەشی وەردەگرنەوە.
- بەهرام بە لەشکرەوە لەگەڵ مونزیردا دەگەنە جەهرم و گەلێك لە ئێرانییەکان پێشوازییان لیّ دەکەن.
- بەهرام و خوسرەو دەڕۆن بۆ هامون و بەهرام شێرەکان دەکوژێت و دەبێتە شاهـ.
- پاشایەتی بەهرامی گۆڕ شەست و سیّ ساڵی کێشاوە.
- بەهرام ئێرانییەکان دەبەخشێت و نوعمان و مونزیر بۆ یەمەن دەڕۆن.
- بەهرام دەبێتە میوانی لەبنەکی ئاوکێش.
- بەهرام دەڕوا بۆ لای براهامی یەهودی.
- داواکانی براهام دەگاتە لبنەگ.
- بەهرام شێرەکان دەکوژێت و شەراب خواردنەوەی خەڵکی قەدەغە دەکات.

– منداڵێکی پینەچی خەو دەبینێت و بەهرام دیسان شەراب خواردن ئازاد دەکاتەوە.
– بەهرام کچەکەی ئاشەوان دەخوازێت.
– بەهرام گەنجینەی جەمشید دەدۆزێتەوە.
– بەهرام لە ڕێگەی نەخجیرەوە دەڕوا بۆ دیوەخانی بازرگانەکان و بە تووڕەیی دەگەڕێتەوە.
– بەهرام دەڕوا بۆ نەخچیر و داخوازی کچی بەرزینی جووتیار دەکات.
– بەهرام شێرەکان دەکوژێت و دەڕوا بۆ ماڵی گەوهەرفرۆش.
– بەهرام دەڕوا بۆ نەخچیر و دەڕواتە ماڵی فەرسیدورد و شەو لەوێ دەگوزەرێنێت.
– بەهرام دارایی فەرشیدورد دەبەخشێ.
– بەهرام دەڕوا بۆ نێچیرگا و شێر دەکوژێت.
– بەهرام دەڕوا بۆ نێچیرگا و گورگ دەکوژێت و دەڕوا بۆ بەغدا و ئستەخر.
– خاقانی چین لەشکر دێنێتە سەر بەهرام.
– بەهرام پەلاماری خاقان دەدا و دەستگیری دەکا.
– بەهرام پەیمان بە تورانییەکان ئیمزا دەکا و شهرە دەکاتە شا.
– بەهرام نامەی سەرکەوتن بۆ «نرسی» دەنووسێ و دەگەڕێتەوە ئێران.
– بەهرام ئامۆژگاری چاوساقانی دەکا.
– بەهرام پرسیار لە هەناردەی قەیسەر دەکات.
– بەهرام ئامۆژگاری فەرماندەرانی دەکات.
– بەهرام نامەی خۆی دەبا بۆ «شنگل» پاشای هندوستان.
– شنگل نامەی لێ وەردەگرێت و وەڵامی دەداتەوە.
– شنگل بەزم دەگێڕێت و بەهرام هونەر نمای دەکات.
– بەهرام گورگ دەکوژێت.
– بەهرام ئەژدیها دەکوژێت.
– شنگل کچەکەی بە بەهرام دەدات.
– نامەی فەغفوور بۆ بەهرام و وەڵامدانەوەی.
– شنگل بەهرام دەناسێ و بەدوای دەکەوێت.
– شنگل دەگەڕێتەوە هندوستان و بەهرامیش بۆ ئێران.
– شنگل و حەوت پاشا، بۆ لای بەهرام دەڕۆن.
– شنگل دەگەڕێتەوە هندوستان و بەهرام باجی وڵاتەکە دەبەخشێتە شنگل.
– بەهرام لورییەکان دەعوەت دەکات تا لە هندەوە بۆ ئێران بێن.

- بەهرام دەمرێت.
- پاشایەتی یەزدگرد کوڕی بەهرام هەژدە ساڵ دەکێشێ.
- هرمزی کوڕی یەزدگرد یەك ساڵ شاهی دەکات.
- پیرۆزی کوڕی یەزدگرد یانزە ساڵ پاشایەتی دەکات.
- پیرۆز شارستان دەسازێنێت و دەڕوا بۆ شەڕی توران.
- خوشنەواز، نامە دەنووسێت بۆ پیرۆز.
- شەڕی پیرۆز و خۆشنەواز و کوژرانی پیرۆز.
- پاشایەتی پەلاش پێنج ساڵ و دوو مانگ دەکێشێ.
-ئاگەداری سوفزای لە کوشتنی پیرۆزو نامە نووسینی بۆ خۆشنەواز.
- شەڕی سوفزای و خۆشنەواز و ئازادبوونی قوباد لە زیندان.
- پاشایەتی قوبادی کوڕی پیرۆز چل و سێ ساڵی خایاندووە.
- ئێرانییەکان قوباد لە سوفزای بەدگومان دەکەن و کوشتنی سوفزای.
- ئێرانییەکان قوباد زیندانی دەکەن و جاماسب دەبێتە شا.
- قوباد لە زیندان هەڵدێ و کچە جووتیارێك مارە دەکات و پەنا دەباتە هیتالیەکان.
- گەڕانەوەی قوباد و ئاگەدار بوونی لە دایکبوونی نەوشیروان و لەسەر تەخت دانیشتنەوەی.
- داستانی قوباد و مەزدەك و ئاینی مەزدەك قەبولکردن.
- نەوشیروان ئاینی مەزدەك ڕەد دەکاتەوە و مەزدەك و پەیڕەوانەکانی دەکوژێت.
- قوباد دەمرێت و تەمێ نامە دەنووسێت بۆ نەوشیروان.

بەرگی چوارەم

- پاشایەتی ئەنەوشیروان تا دوو دەسەڵاتی یەزدگرد.
- پاشایەتی ئەنەوشیروان چل و هەشت ساڵ بەردەوام دەبێت.
- نەوشیروان نامە بۆ لێزانەکان دەنووسێت.
- نەوشیروان وڵات دەکاتە چوار بەشەوە و تەکبیری چۆنیەتی وەرگرتنی باجی دەوڵەت دەکات.
- نەوشیروان ڕێژەی لەشکر لە بابەك دەخوازێ.
- تەمێکردنی نەوشیروان بەدەسەڵاتدارانی ئێران.
- گەڕانی نەوشیروان بەناو دەسەڵاتەکەیدا و دیوارکێشان لە نێوان ئێران و توراندا.
- نەوشیروان ئالانییەکان و بەلوجییەکان و گیلانییەکان دەخاتە ژێر زەبر و زۆرەوە.
- مونزیری عەرەب بەلای نەوشیروانەوە شکاتی قەیسەری ڕۆم دەکات.
- کیسرا نامە بۆ قەسەری ڕۆم دەنووسێ و وەڵامەکەشی وەردەگرێتەوە.

– کیسرا بۆ شەڕی قەیسەر دەڕوا.
– نەوشیروان چەندین قەڵای رومانی دەگرێت.
– نەوشیروان فەرفوس راودەنێ و تالینیوس ئەنتاکیا دەگرێت.
– نەوشیروان شاری «زیب خوسرەو» دەگرێ و بەدیلگیراوانی رۆمی لەوێدا زیندانی دەکات.
– قەیسەر پەیام بۆ نەوشیروان دەنێرێت.
– نەوشیروان کوڕێکی بەناوی نوشزاد دەبێ کە لە ژنێکی مەسیحی بوو.
– نەوشیروان نەخۆش دەکەوێت، نوشزاد ئاژاوە دەنێتەوە.
– نەوشیروان نامە بۆ پاسەوانی مەدائن دەربارەی گرتنی نوشزاد دەنێرێ.
– شەڕی رام بەرزین و نوشزاد و کوژرانی نوشزاد.
– نەوشیروان خەون دەبینێت و بوزەرجەمهەر لێکی داوەتەوە.
– بەزمگێڕانی نەوشیروان لەگەڵ زانایاندا و گفتاری بوزەرجمهەر.
–بەزمی دووەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهەرو زانایاندا.
– بەزمی سێیەمی نەوشیروان و بوزەرجەمهەرو موبەدان.
– بەزمی چوارەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهەرو موبەدەکاندا.
– بەزمی پێنجەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهەرو موبەدەکاندا.
– بەزمی شەشەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهەرو موبەدەکاندا.
– بەزمی حەوتەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهەرو موبەدەکاندا.
– داستانی مەهبود و کوژرانی ئەو کوڕەکانی بە جادووی زروانی یەهودی.
– جادووی زروان ئاشکەرا دەبێت لەگەڵ یەهودیدا هەردوو دەکوژرێن.
– ستایشی ئەندیشمەندی نەوشیروان و دروستکردنی شارسان و سورسان.
– شەڕی خاقان لەگەڵ عانقەری سەرلەشکری هیتالییەکان و راکردنی هیتالییەکان و فغانی دەکرێتە پاشایان.
– ئاگەداربوونەوەی نەوشیروان لە شەڕی خاقان و هیتالییەکان و لەشکرکێشی بۆ سەر خاقان.
– خاقان لە لەشکرکێشی نەوشیروان بۆ سەری ئاگەدار دەبێتەوە و نامەی ئاشتی بۆ دەنووسێت.
– نەوشیروان وەڵامی نامەی خاقان دەداتەوە.
– خاقانی پێشنیاز دەکات نەوشیروان کچەکەی بخوازێت.
– نەوشیروان میهران دەنێرێتە داوای کچی خاقان و هێنانی کچی خاقان.
– خاقان کچەکەی بۆ نەوشیروان دەنێرێت.
– خاقان دەگەڕێتەوە، نەوشیروان لە گورگانەوە بۆ تیسفون دەڕوات.
– نەوشیروان بەرنامە دادەڕێژێت و جیهان لە بیروڕای ئاگەدار دەبێت.
– بوزەرجەمهەری تەمیێ نەوشیروان دەکات دەربارەی کرداری باشە و گفتاری جوان.

– رای هندوستان شەترەنج دەنێرێتە لای نەوشیروان.
– بوزەر جەمهەری (تاوڵە) دروست دەکات و بەدیاری بۆ رای هندستانی دەنێرێ.
– گفتار دەربارەی شەترەنج
– داستانی هێنانی کلیلە و دمنە، لە هندوستانەوە.
– نەوشیروان لە بوزەرجەمهەری ئاڵۆز دەبێت.
– گفتار دەربارەی واژۆکانی نەوشیروان.
– تەمیٚ و ئامۆژگاری نەوشیروان بۆ هورمزی کوڕی.
– موبەدەکان پرسیار لە نەوشیروان دەکەن و وەڵام وەردەگرنەوە.
– نەوشیروان جاڕی شەڕکردن دەدات لەگەڵ قەیسەردا.
– نەوشیروان قەڵای ستیلار دەگریٚ و سەرگوزەشتەی پینەچی.
– نوێنەرانی قەیسەر دەگەنە لای نەوشیروان بۆ داوای لێبوردن.
– نەوشیروان هورمز بە وەلیعەهدی هەڵدەبژێرێت.
– موبەدەکان هورمز تاقی دەکەنەوە.
– ئامۆژگاری نەوشیروان بۆ هورمز.
– نەوشیروان خەون دەبینێت کە پەیامبەری ئیسلام پەیدا دەبیٚ.
– پاشایەتی هورمزی نەوشیروان دوانزە ساڵ بەردەوام بووە.
– هورمز وەزیرەکانی باوکی دەکوژێت (ئیزەد کەشب، برزمهر، ماە ئازەر، زەرد).
– گەڕانەوەی هورمز بۆ دادخواهی.
– سوپا و لەشکر کۆدەبنەوە دژ بە هورمز.
– هورمز لە بوونی بەهرامی چوپینە ئاگەدار دەکرێتەوە.
– بەهرام دێتە لای هورمز و دەیکاتە سەر لەشکر.
– بەهرام بە دوانزە هەزار شەڕکەرەوە دەڕواتە شەڕی ساوەشاوە.
– ساوەشا پەیام دەنێرێتە لای بەهرام و وەڵام وەردەگرێتەوە.
– دوو لەشکری بەهرام و ساوەشا بەرانبەر یەك رادەوەستن.
– ساوەشا، دیسان پەیام دەنێرتە لای بەهرام.
– بەهرام و ساوەشا بەشەڕدێن و ساوەشا دەکوژرێت.
– بەهرام سەری ساوەشا دەنێرێتە لای هورمز.
– شەڕی بەهرام و پەرمودە و پەنابردنی پەرموردە بۆ قەڵای ئاوازە.
– پەرموردە داوای پەنا هێنان دەکات.
– نامەی هورمز بۆ بەهرام و ئاڵۆزبوونی بەهرام لە پەرموردە.
– بەهرام پەرموردە دەنێرێتە لای هورمز.

- هورمز لە پەیمانی بەهرام و خاقان ئاگەدار دەکرێتەوە.
- هورمز گلەیی لە بەهرام دەکا و جلوبەرگی ژنانی بۆ دەنێرێت.
- بەهرام جلوبەرگی ژنانە لەبەر دەکات و دەڕواتە ناو فەرماندەرانەوە.
- بەهرام ژنێك لە دەریادا دەبینێت و ئاگەداری دەکاتەوە لەسەرنویشتی.
- بەهرام ئاینی پاشایەتی دەگرێ و خراد بەرزین لە بەرامبەری هەڵدێت.
- هورمز لە کاری بەهرام ئاگەدار دەبێت و بەهرام سەبەتەیەك خەنجەری بۆ دەنێرێت.
- بەهرام گەورە پیاوان کۆدەکاتەوە و کوردیەی خوشکی تەمێ دەکات.
- بەهرام سکەی پارە بەناوی خوسرەو پەرویز لێ دەدا و دەینێرێتە لای هورمز.
- بەهرام نامە بۆ هورمز دەنووسێت و خوسرەو بەلای باوکییەوە هەڵدێت.
- هورمز ئاین گشسب دەنێرێتە شەڕی بەهرام و ئاین دەکوژرێت.
- هورمز خەمگین دەبێت و مندوی وەگستهم، هەردوو چاوی دەردێنێت.
- خوسرەو لە کوێرکردنی باوکی ئاگەدار دەبێت و دەکرێتە شاه.
- پاشایەتی خوسرەو پەرویز سی و هەشت ساڵی کێشاوە.
- خوسرەو دەگاتە خزمەت باوکی و داوای لێبوردنی لێ دەکات.
- بەهرام لە کوێرکردنی هورمز ئاگەدار دەبێت و پەلاماری خوسرەو دەدات.
- بەهرام و خوسرەو لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن.
- کوردیە ئامۆژگاری بەهرام دەکات.
- شەو پەلاماری بەهرام بۆ سەر خوسرەو و هەڵهاتنی خوسرەو.
- خوسرەو دەگاتە لای باوکی و هورمز دەکوژرێت.
- بەهرام لەشکر بەدوای خوسرەودا دەنێرێت.
- گرتنی بندوی و بردنی بۆلای بەهرامی چوپینە.
- بەهرامی چوپینە دەبێتە پادشاه.
- بەهرام سیاوەش دەکۆشێ بەهرامی چوپینە بکوژێت، بەڵام سەرناکەوێت و هەڵدێت.
- خوسرەو دەگاتە رۆم و قەشەیەك لە داهاتوو ئاگەداری دەکاتەوە.
- سوارێکی قەیسەر دەگاتە لای خوسرەو و خوسرەو فەرماندەکانی دەنێرێتە لای قەیسەر.
- قەیسەر نامە بۆ خوسرەو دەنووسێت و ئامادەی یارمەتیدانی نابێ.
- نامەیەکی قەیسەر بۆ خوسرەو و بەڵێنی یارمەتیدانی.
- خوسرەو وەڵامی بە پەیمان نامەیەك دەنێرێتە لای قەیسەر.
- قەیسەر تەلەسم دەکرێت و «خراد بەرزین» لەو تەلەسمە رزگاری دەکات.
- خراد بەرزین، ئاینی هندوان رۆشن دەکاتەوە و ئامۆژگاری قەیسەر دەکات.
- قەیسەر لەشکر و کچەکەی دەنێرێتە لای خوسرەو.

- خوسرەو لەشکر دەنێرێتە سەر، زەڕ ئابادەکان.
- بەهرامی چوپینە لەگەڵ گەڕانەوەی خوسرەو بەلەشکرەوە ئاگەدار دەبێت.
- شەڕی بەهرام و خوسرەو و کوژرانی کوتی رۆمی.
- شەڕی دووەمی بەهرام و خوسرەو و سەرکەوتنی بەهرام.
- شەڕی سێیەمی بەهرام و خوسرەو و هەڵهاتنی بەهرام.
- خوسرەو لەشکری بەهرام تالآن دەکا و نامە بۆ قەیسەر دەنووسێت.
- نیاتانوس، لە بندوی ئاڵۆز دەبێت و مەریەم ئاشتیان دەکاتەوە.
- خوسرەو رومییەکان بۆ وڵاتی خۆیان دەیان نێرێتەوە.
- شیوەنی فیردەوسی بۆ مەرگی کوڕەکەی.
- داستانی بەهرام چوپینە و خاقانی چین.
- مەقاتورە بەدەستی بەهرام دەکوژرێت.
- شیرکوپی لەلایەن بەهرامەوە دەکوژرێت.
- خوسرەو نامە بۆ خاقانی چین دەنووسێت.
- خوسرەو خراد بەرزین دەنێرێتە لای خاقان و داوای کوشتنی بەهرام دەکات.
- بەهرام بەدەستی قلون و بە پلانی خراد بەرزین دەکوژرێت.
- خاقان لە کوشتنی بەهرام ئاگەدار دەکرێت و فەرمانی تالآنی قلون دەدا.
- خوسرەو لە کوشتنی بەهرام ئاگەدار دەکرێتەوە.
- خاقان براکەی دەنێرێتە لای کوردیە و نامەی وەڵام دەگاتە خاقان.
- کوردیە، لەگەڵ فەرماندەرەکاندا کۆدەبێتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ مەرو.
- خاقان لەشکر بەدوایاندا دەنێرێت.
- خوسرەو بندوی دەکوژێت.
- گستهەم لە خوسرەو یاخی دەبێت و کوڕە کوردیە مارە دەکات.
- گستهەم بەدەستی کوردیە دەکوژرێت.
- کوردیە نامە بۆ خوسرەو دەنووسێت ودەڕوا بۆ لای خوسرەو و شووی پێ دەکات.
- خوسرەو پاشایەتی دابەش دەکات.
- خوسرەو دەڕوا بۆ ڕاوکردن و چاوی بە شیرین دەکەوێت.
- گەورە پیاوان خوسرەو ئامۆژگاری دەکەن.
- شیرین مریەم دەکوژێت، خوسرەو شێرۆ زیندانی دەکات.
- خوسرەو تەختی تافراییس دروست دەکات.
- سەرگوزەشتەی باربودوی سەماکەر لەگەڵ خوسرەو پەروێزدا.
- خوسرەو شاری مەداین دروست دەکات.

– گوفتار دەربارەی مەزنی خوسرەو پەروێز.
– قەیسەر نامەی چارەسەری بۆ خووسرەو دەنووسێت.
– سەرانی لەشکر داوای ئازادکردنی شێرۆیە دەکات.
– خوسرەو دەستگیر دەکرێت و بۆ تیسفون دەنێرن.
– پاشایەتی « قوباد» مەشهور بە شێرۆی حەوت مانگ دەکێشێ.
– خوسرەو وەڵامی شێرۆی دەداتەوە
– خەمخواردنی شێرۆی دەربارەی خوسرەو.
– باربود شیوەنی خوسرەو دەکا و پەنجەکانی خۆی دەبڕێت.
– خوسرەو لەلایەن مهرهورمزەوە دەکوژرێت.
– شیرین خۆی دەکوژێت و «شێرۆ»یش دەکوژێت.
– ئەردەشێری کوڕی شێرۆی تەنیا شەش مانگ پاشایەتی دەکات.
– ئەردەشێر لەلایەن پیروزی خوسرەو دەکوژرێت.
– پاشایەتی گرازکە تەنیا پەنجا ڕۆژ بووە.
– پاشایەتی پوران دوخت شەش مانگ بووە.
– پاشایەتی ئازەرو میروخت چوار مانگ بووە.
– پاشایەتی یەزدگرد، بیست ساڵی خایاندووە.
– پەلاماری سەعدی کوڕی وەقاس بۆ سەر ئێران و روستەم بەرەنگاری دەبێتەوە.
– روستەم نامە بۆ براکەی دەنووسێت.
– روستەم نامە بۆ سەعد دەنووسێت و وەڵامەکەی وەردەگرێتەوە.
– شەڕی روستەم و سەعد و کوژرانی روستەم.
– مەشوەرەتی یەزدگرد لەگەڵ ئێرانییەکاندا و بەرەو خوراسان ڕۆیشتن.
– یەزگرد نامە بۆ فەرماندەکانی تووس دەنووسێت.
– ڕۆیشتنی یەزدگرد بۆ توس.
– ماهوی بیژەن هان دەدا تا بڕوانە شەڕی یەزگردەوە و راکردنی یەزدگرد و لە ئاسیاودا خۆی دەشارێتەوە.
– مویەدەکان ماهوی ئامۆژگاری دەکەن.
– یەزدگرد لەلایەن خوسرەوی ئاشەوانەوە دەکوژرێت.
– ماهوی لە کوشتنی یەزدگرد ئاگادار دەکرێتەوە و دەبێتە پادشاه.
– ماهوی لەسەر فەرمانی بیژەن دەکوژرێت.

بەراورد

ویستم پێشەکی بۆ ئەم باسە بنووسم، کە وردبوومەوە روانیم: ئەم باسە زۆرتر نیازی بە «پاشەکی» زیاتر هەیە تا «پێشەکی». لێرەدا ئەوەی بۆ من گرینگە و دەمەوێ هەلاجی و شی بکەمەوە و بیخەمە بەردەستی چاوساقان و لێزانانی مێژووناسان و ئەفسانەزانانی خۆماڵی و گەلانی دوور و نزیك. روونکردنەوەیەکی پڕ لە وردەکارییە... شانامە و رووداوەکانی پاڵەوانان و بگرەو بەردەی نێو شانامەی فیردەوسی وا زانراوە، لە ناو بەشێکی زۆر لە گەلی کورد جێگەی خۆی هەیە و پتەو و چەسپاوە، لە بیر و ئەندێشەی هەتاوەکو خەڵکە رەش و ڕووتەکەدا و بەشێوەیەکی وا، ئەو ڕووداوانە بە ڕاستەقینە و بەشێك لە رابوردووی مێژوویین دەزانرێت و کەسایەتی ئەو قارەمانانە لە وتووێژ و بیروڕا و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی زۆرێك لەو خەڵکانەدا جێگەیەکی بەربڵاوی بەخۆوە گرتووە.. ئەو ناوانەی لە شانامەدان، کچ و کوڕی کوردی، زۆر بەوناوانەوە ناونراون، زۆر لەو رووداوانە، وتووێژ، کردار، گفتار، حیکمەت، پەند، بوونەتە کولتوور و سایە و سێوەری لە ڕەفتاردا وەدەرکەوتوون و ناخۆ ئاگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، برێکی لاوەکییە و برێکی تریان بووە بە دیاردەیەکی مێژوویی و نەتەوایەتی و لە ئاستێکی تێکڕاییدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەك «زوحاك و کاوە» ئەم دوو خاڵە گرینگە ئەوڕۆ چ بمانەوێ و نەمانەوێ لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەی کورددا جێگەی خۆی گرتووەتەوە، بەندە وەك خوێندەوارێکی کوردی ئاگەدار بە فەرهەنگی ئێران و ڕووداوەکانی شانامە و فەلسەفەی ڕوحی شانامە و چۆنیەتی لە دایکبوونی ئەو بەرهەمە شاکارە، ئەوی بەستەگی بەو دوو خاڵەوە بێت دەیخەمە رووەوە، ناچارم بەسەر ئەو ڕاستەقینانەدا نەگوزەرم، چۆن لەوەی دڵنیام کەسێکی کەی وەك من ئەمڕۆ بێت یاخۆ سبەی لەوەی ناگوزەرێت و پەنجەی دەخاتە سەر ئەو خاڵانە و ڕەنگە گلە و گازاندەی زۆری خۆشی لە خوێندەوارانی ئەم قۆناغەی کوردە بکا.. کە بۆ وا بێدەنگ بوون بەرامبەر ئەو هەڵە گەورە دەق بەستووە، برێك بیروڕا لە نێو میللەتاندا بڵاودەبێتەوە، یا بەشێوەی ئەفسانە، یا مێژووی نەنووسراوی سنگ بەسنگ و گێڕانەوە، سەرئەنجام وەك دیاردەیەکی نەتەوایەتی، کولتووری یان کەلەپووری دەچەسپێت و باوەڕی پێ دەهێنرێت، بۆ نموونە: ئەژدیهای چینی، کە ئەوڕۆ بووە بە ئارمێکی نەتەوایەتی لە سەرتاسەری وڵاتی چین و لە جیهانیشدا ناسراوە، ئاوا جانەوەرێك لە دنیای زانستی جانەوەر ناسیندا نەبووە و نە دانیشی پێدانراوە، لەو بابەتە باوەڕانە لەناو میللەتانی کەی ئەم جیهانەدا زۆرە و گەل و وڵاتێك رەنگە بە پێی قووڵایی مێژووی خۆی و واقیعییەتی جوگرافیای و ئاو و هەوا و رەگەز و ئاین و بۆچوون و مامەڵەی جیاواز لە یەکتر لە ژیانیاندا دەقی بەستوویێت و باوەڕی جۆراوجۆری پێك هێنابێت. کاتێك بمانەوێت دەربارەی شانامە بدوێین. ناکرێت باس لە قووڵایی مێژوو و زنجیرە

دەسەڵاتەکانی ناو ئێران نەکەین و هۆی ئەو هەموو هێز و توانا ئارامەی لە ڕوحی فەرهەنگی ئێراندا خۆی مەڵاس داوە و وەك رووبارێکی گەورەی سەهۆڵبەندان ئارام و لەسەرخۆ ئەوەی سەخت و دەوەن و بەرد و سەنگ و ڕەنگ لە پێشیدا بووبێت، ئارام و لەسەرخۆ رای ماڵیوە، بەگوێرەی زەمان و شوێن پای خۆی کردووەتەوە و بە زمانێك بانگەوازی کردووە دەسەڵاتە دڕە بیانییەکانی هێور و ئارام کردووەتەوە و بە ئاهەنگ و ناز و نەوای فەرهەنگی ئێرانی گۆرانی خۆیان چڕیوە و هاتوونەتە سەمای ژیان، ڕاستە لە دوای کودەتای کورش دژ بە باپیری و دەسەڵاتی ئیمبراتۆرییەتی ماد، کە ئێمەی کورد خۆمان بە پاشماوەی ئەو ڕەگەزە دەزانین و زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان و بەردە هەڵکۆڵراوەکانی نێو کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش دانی بەو راستەقینەیەدا ناوە، کورد لە دەسەڵاتی ناو ئێراندا وەك دەسەڵات و بە ناوی کوردەوە فەرمانڕەواییان نەکردووە، بەڵام لە تەواوی بوارەکانی فەرهەنگدا بەشدار بووین و ڕەنگە خاوەنە راستەقینەکەشی ئێمەی کورد زۆرترین تا فارس یان بلوچ یان ئازەری، زمانەکەمان شایەتحاڵی ئەو ڕاستەقینەیە، وەك دەبینی زمانی فارسی پڕی پڕە، لە وشە و واژەی غەیری فارسی، هەروەها بەلوجی و ئازەریش، ئەگەر کوردێك بیەوێت بەزمانی کوردی بدوێت، یان بنووسێت، بۆ خوا وشەیەکی بیانی تێدا نادۆزیتەوە، قەینا دەسەڵاتی ناوەندی پەیوەستە زۆر راستەقینەی بەگوێرەی بیروباوەڕ و سوودی تایبەتمەندی خۆی گۆڕیوە و یا هەر نەبێت پارێزی کردووە لە لێدوانی ڕووداوە مێژووییەکان. کە خۆی بەخاوەنی نەزانیوە، خۆی لێی دوورخستووەتەوە، تەواوی خوێندەواران و چاوساغانی مێژووی ئێران، لە ڕووی دەمارگرژی نەتەوایەتییەوە بەرپایەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە کۆنەوە تا بە ئەوڕۆ پارێزیان کردووە لە ڕاستی شیکردنەوەی دەسەڵاتی ماد و ئەوەی پێوەندی بەو زنجیرە دەسەڵاتەوە بووە، بە «فیردەوسی» شەوە، حەکیمی تووس بەوەوە رانەوەستاوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕەوا و نەشیاو گۆڕانکاری لە حەقیقەتی مێژوویيدا کردووە، بەندە بەش بەحاڵی لێکدانەوەی هەژاری خۆم، لام وا نییە لە ڕووی نەزانینەوە ئەوەی کردبێت لە سەردەمی شای رابوردوودا بەزم و بەرنامە دوورودرێژەکەی جەژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەیان ئەنجام دا، بۆ خوا هیچ ئاماژەیەکیان بۆ سەد و شەست ساڵ دەسەڵاتی ماد نەکرد، سەرەتای مێژووی نووسراوی ئێرانیان لە کورش و دەسەڵاتی هەخامەنشیانەوە دەست پێ کردووە. ئەوڕۆکەش لێزانان و خوێندەوارانی غەیری کوردی ئیرانی لەو باسکردنە پارێز دەکەن و خۆیان لێ وەکەڕ کردووە، کەچی لە بچووکترین ڕووداوی ئەو مێژووە دوورودرێژە تەمەن دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە نەگوزەراون، بە هەتیوبازییەکانی نێو دەربارەکانەوە، یان بەبێ نوێژی کەوتنی ئافرەتێکی حەرەم سەرای یەکێك لەو زنجیرە دەسەڵاتانە...

بێگومان ئەو تێفکرین و کەمتەرخەمی و جۆرە ڕەفتارە، هیچ لە هێزی بەربڵاو و گوڕی فەرهەنگی ئێرانی کەم نەکردووەتەوە و پەیوەستە پەلاماردەر و داپلۆسێنەر و تاوێنەری تەواوی

کار و کردەوە کولتووری غەیری ئێرانی بووە... ئەو ڕۆشنبیرانەی پابەندی بیروڕا و بۆچوونی پان ئێرانیسمن، ژمارەشیان گەلێك زۆرن و دەمارگرژیشن و و بچووکترین پاشەکشەش لەو رووەوە بە تاوانی گەورە دادەنێن، تا بە ئەوڕۆش هەر بەو بەربڵاوییەی بەردەوامە، جەمهورییەتی ئیسلامی ئێران، بەو هەموو زەبر و زۆرەوە کە بەکاری دەبەن، ڕۆژ بەڕۆژ فەرهەنگی دامەزراو و پتەوی ئێرانی بەرانبەر بیروڕای ئیسلامگەرای دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران، لە ململانێیەکی سەخت و دژواردان، تا رادەیەکی زۆریش دەسەڵاتدارانیان بە زەرافەتی فەرهەنگی ئێرانی زەبوون و دەستەپاچەبوون، بە شێوەیەك مەلا و ئاخونگەلی دەسەڵاتداری دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوە و شەونشینیە تایبەتییەکاندا ناتوانن خۆیان بە چوارینەکانی خەیام و فاڵنامەی حافز و حیکمەتەکانی سەعدی و تەرانەکانی مەولانا نەلاوێننەوە و دوور لە ئیسلام گەرایی سەرمەستی بادەی عیشق و زەرافەتی فەرهەنگی ئێرانی نەبن، سەیر لەوە دایە، چاوساقانی دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە مێژەوە ئەوانیش شەیدا و شیفتەی ئەو فەرهەنگە بوونە و زۆرتریش هەر بەو شێوەو شەمایلە دوان و مامەڵەیان کردووە، بە داخەوە تا ئێستاش ئاش هەمان ئاشەو ناکۆشن بەشێك لەو تەقەللا و عیشقە دابەشکەنە سەر فەرهەنگی میللەتەکەی خۆیاندا بکەن، ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، منیش وەك ئەوان پەیڕەوی فەرهەنگی ئێرانم و ڕۆشنبیری ئەدەبی و هونەریم لەو کانیاوە گەوارایە هەڵدەگۆزم، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت دەستبەرداری فەرهەنگی خۆماڵی ببم و بیدەمە دەستی ڕێککەوت و هەروابوونەوە، بەڵکو لەسەر وشەیەك، واژەیەك، رەنگێك، دەنگێك، کە لە میللەتەکەم زەوت و داگیرکرابێت...

پیادە بەبێ رەخش شەڕی حەوت خوانی رۆستەمی بۆ دەکەم و ئەشکەبوسی و دێوەسپی بە فلسێکی سوور ناکڕم، .. با بگەڕێینەوە لای پیری تووس خاڵۆ فیردەوسی با بزانین بۆ وای لە باو باپیرانمان کردووە و ئەو گۆڕانکارییەی لەسەر چ بنەمایەکی مێژوویی داڕشتووە؟ قەینا، ئەفسانە و مێژووی تێکەڵ کردووە و ئەوەی هی ئێمەی کوردە و ئەوڕۆ بە کەڵکە لێی دابڕیوین و ئەمڕۆ هی خەڵکانێکی ترە... ئەو دابڕان و گۆڕانکارییانە لە فکر و ئەندێشەی فیردەوسییەوە ئاودزی کردووە بە شێوەیەکی ناڕەوا و نەشیاو هەڵە کەوتووەتە دەستی ئێمە و سەیر لەوەدایە شانازیشی پێوە دەکەین و ساڵانەش بەزمی بۆ دەگێڕین...

ئێمەی میللەتی کورد، نە دۆمەڵانین بەبێ ڕیشوو لە زەوییەوە هەڵتوقاویین و نەبارانیشین لە ئاسمانەوە داباربین، بەم بە بێ خێو و خاوەنییەوە بە درێژاییی هەزاران ساڵ بەو هەموو کوشت و کوشتار و تاڵان و پەلامارانەی دەرحەق بە ئێمەی کورد کراوە، ئەگەر بەسەر عەرەبدا کرابا، بە عەزمەتی قورئانیشەوە وشەو واژەیەکی عەرەبی نەدەبیسترا، یان بەسەر فارسدا بهاتبا، بەو هێز و بەربڵاوی فەرهەنگی ئێرانەوە، کە زمانی فارسییە، با دەیبرد و دەبووە خەون و خەیاڵ،

یا هەر میللەتێکی تریش بایە لەوان بەربادتر دەبوون....

کەواتە، ئێمەی کورد کۆنترین کەسانێکین لەم خاك و بووم و دەڤەرەدا ژیاوین و هەبووینە لێی دانەبڕاوین و کۆچیان پێ نەکردووین، دوژمنانمان [ویستوویانە.. نەیانتوانیوە]... ناڕۆینە ناو بگرەوبەردەی میتالۆژی و ئەفسانەکانەوە، لە مێژووی زانراوە و نووسراو دوور ناکەوینەوە، با وەك برێکی زۆری مێژووی نووسراویش لە ڕاستەقینەوە دوورە و پەیوەستە بە گوێرەی دڵی سەرکەوتوان و زۆردارانەوە نووسراوە، زادەی زەرو زۆر بووە، تێدا مافی سەرنەکەوتووان پامال کراوە و وەك ئەمڕۆ مێژوو داڕێژراوە و کەوتووەتە دەستی ئیمڕۆی مرۆڤ و لە کولێژ و ئەکادیمییەکاندا دەوترێتەوە، زۆربەی زۆریش وا نییە...! مێژوونییە.. نووسراوە

ئەوەی دوژمنانی کورد ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات کە کورد لە قووڵایی مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بووە و عەرەبیش دوای هێرشی ئیسلام گەیشتوونەتە دۆڵی رافیدەین و تورکیش دوێنێ بووە کوردستانی باکووری داگیر کردووە و ئەویش لە حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر کەمتر بووە، لە ئێرانیشدا ئەگەر بە وردەکارییەوە مێژووی ئەو وڵاتانە هەڵسەنگێنین پێکهاتی دەسەڵاتەکان و زنجیرەکانیان وەك ڕۆژی ڕۆشنا دیارە و برێکی لەسەر پێستە و کاغەز و تاتە بەردەکان هەڵکۆڵراون، بە وردی زۆر شتی دەرخستووە، زۆر شتیش لەبەر بەرژەوەندی نەتەوایەتی و دەمارگرژی رەگەزی فارسی بەباڵا و بەزل زانین شاراوەتەوە و یان هەر نەبێت وەپشت گوێ خراون و لە بیر کراون.

ئێمە بۆ روونکردنەوەی زۆرتر و هەڵسەنگاندنی راستەقینەی مێژوو، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ماد و شەڕ و ململانێی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ دەسەڵاتە بەهێزەکانی دەوروبەریدا وەك [ئاشوور] ئەوی وەك هێز و دەسەڵات و تەماحگیری دەسەڵات دانەنرابووە و حیسابی بۆ نەکرابێت.. میرنشینەکەی باوکی ″کورش″ و دەستە و دایەرەکەی بووە...

حەکیمی تووس ″فیردەوسی″ لەسەر ئەو بنەمایە سەرەتای شانامەی داڕشتووە و وەك دوو تای تەرازوو مێژوو و ئەفسانەی هەڵسەنگاندووە و بەراوردی کردووە و هەر قارەمانێکی بەرامبەر ئەوی تر داناوە بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی و رەگەزی خۆی هیچ ئیعتبار و ڕێزی واقیعییەتی مێژوویی بۆ زنجیرە دەسەڵاتی ″ماد″ دانەناوە.

بەپێچەوانەوە دوا شای ئەو زنجیرەی وەك خوێنخوارێك نیشان داوە و ″ئاستیاك″ی گۆڕاوەتە سەر زوحاك و زنجیرە دەسەڵاتی مادی گۆڕاوەتە سەر رەگەزی عەرەب و نەخشی کورشی داوە بە فەرەیدوون و کاوەش کە ئێمەی کورد بەو شێوە پێمان گەیشتووە و لە بیرماندا وەك بکوژی زوحاك دەیناسین، لە شانامەدا، زۆر لاوەکی ناوبراوە و لەو شەست هەزار بەیتی شانامەیەدا، تەنیا (٢٩) بەیتی بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

دەربارەی زوحاك، یان زوهاك، یا ئەژدیهاك، داستان و باس و لێدوان زۆرە، سەر زنجیرە

دەسەڵاتـی پـێشدادیـیـەکـان کـە دوای جـەمشید لـە ئـێراندا فـەرمـانـڕەوایـی کـردووە، کـوڕی دەسەڵاتدارێکی عەرەب بووە، بەناوی "مرداس" وەك داستانە ناسراوە کە بەو شێوە ئەهریمەن هەڵی دەخەڵەتێنێت و فێرە گۆشت خواردن و هانی خوێنڕشتنی دەدا وەك زانراوە و لە شانامەدا هاتووە ئەهریمەن سەر شانی ماچ دەکا و، مار لەسەر هەردوو شانی سەوز دەبێت و بە خواردنی مێشکی دوو کەس، ئەو دوو مارە ئارام دەبنەوە، ساڵان بەو شێوە دەگوزەرێت و گەنجێکی زۆر لە وڵاتدا سەر دەبڕێن و مێشکیان دەبێتە خۆراکی دوو ماری سەر شانی زوهاك، بێ شك ئاوا کوشتارێك دەبێتە هۆی ناڕازی بوونی خەڵکی و لە هەمان کاتدا بەپێی خەونەکەی "زوهاك" فەرەیدوون لە شاخدا بووە، وردە وردە خەڵکی لێ کۆ بووەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ترس و توقیانی زوهاك لە ناڕەزایەتی خەڵك و سەرئەنجام ڕاپەڕین دژ بە دەسەڵاتەکەی زۆرتر بووە..

بۆ ئارامکردنەوەی خەڵکی، گەورە کەسانی وڵات کۆ دەکاتەوە و پیان دەڵێت:

وەك دەزانن من دوژمنێکم هەیەو لەو شاخ و چیاکاندایە چنگم لێی گیر نابێت.. ئێوە تۆمارێك: واژوکەن کە من کەسێکی دادپەروەر و کەڵەمێرد و جوان رەفتارم..

خەڵکەکە لە ترسی گیانی خۆیاندا کۆ بووبوونەوە، تۆماریان ئیمزا کرد.. هەواڵ بڵاوبووبوەوە کە زوهاك دەرگەی دادوەری ئاواڵەیە و ئەوی ناڕازییە و شکاتی هەیە دەتوانێت روو لە دەرباری سەڵتەنەتی بکات.. کەس ئەو زاتەی لە خۆدا نەدەدی تا کاوە توانی خۆی بگەیەنێتە دەرباری "زوهاك" و ڕووبەڕووی وەستا، وتی: هەژدە کوڕم هەبووە حەڤدەیان کوژراون و مێشکیان بووە بە خۆراکی مارەکانی سەر شانت، دوا کوڕم ئەوەسا لە زیندانی تۆدایە تا مێشکی بکرێتە خۆراکی دوو ماری سەر شانت.. من چ تاوانێکم کردووە تاکو وام بەسەردابێت؟

یکی بی زیـان مرد آهـنگرم
ز شاه آتش آید همی برسرم

زوهاك، فەرمانی دا، کوڕەکەی ئازاد بکەن و تۆمارەکەشی خستە بەردەستی تا ئیمزای بکات چەندە دادپەوەرە نەیکرد و لە دەربارهاتە دەرەوە و بەروانکەی ئاسنگەرییەکەی کردە سەری رمەوە «لەو رۆژەوە ئەو پارچە چەرمە بووە درەفشی کاویان».

خەڵکێکی زۆری جەور لێکراو، کەوتنە تەکی و روویان کردە شاخی ئەلبورز و گەیشتنە خزمەتی فەرەیدوون، ئەویان بە شاهی هەڵبژارد..

فـەرەیـدوون، کـەوتـە تـەقـەلـلای کـۆکـردنـەوەی لـەشکر و تـفـاقـی شەڕ و داپـێویستـەکـانـی لـەشکرکـێشی و لـە ئـاکـامـدا زوهـاك دەستـگیر دەکرێت و بـەبـاڵ بـەستراوی دەینـێرنـە شاخـی دەماوەند، لەوێدا لە ئەشکەوتێکدا دەستبەسەر دەکرێت. ئەمە راستەقینەی شانامەیە، نەکاوە زوهاکی کوشتووە نە فەرەیدوونیش توانی بیکوژێت.. فەرەیدوون ویستی بیکوژێت، بەڵام ئەو ماوەو مەودایەی پێ نەدرا و ئەوەبوو بە فەرمانی ئاهورامزدا فریشتە هاتە خوارەوە و بەرگری

لە کوشتنی زوهاك کرد.

لە ئەوەندە زیاتر باس نە لە کاوە کراوە، نە لە زوهاك، بەلای بەندەوە، روون نییە ئەو داستانە لە کوێنەوە بەم شێوە گەیشتووەتە ئێمە..؟.

نە بنەمایەکی تری ئەفسانەیی، نە مێژوویی نووسراو، نە تاتە بەردی هەڵکۆڵراوی زنجیرە دەسەڵاتەکان، نە داستانە سنگ بە سنگەکان باس لە کوشتنی زوهاکی نەکردووە و فیردەوسی زۆر بە لاوەکی باسی کاوەی کردووە، من لام وایە زۆرتر لەبەر گرینگی بەروانکە چەرمێنەکەی بووە تا درەفشی کاوەیانی لێ بسازێنێت و لە مەلحەمەکەیدا وەك دروشمێکی هەمیشەیی پیرۆز لە پێشی لەشکرەوە بەرز بکرێتەوە، فیردەوسی بۆ کاوەی نەکردە دارتاش یان نانەوا یان هەلاج؟

زۆرتر نیازی بە بەروانکەکەی بووە، تا خودی کاوە...

ئیتر، بۆ لە سەرتاسەری رووداوەکانی تری شانامەدا بۆ جارێکیش بووە ناوی کاوە ناهێنێتەوە؟.

باشە ئەم نەخشە گەورەی کاوەیە، کە بە بکوژی "زوهاك" و لەناوبردنی زوڵم و زۆر و دنیایەك شۆڕشگێڕیی لە کوێوە پێی دراوە؟. کێ ئەم کەسایەتییەی ئاوا بۆ ئێمە خوڵقاندووە؟. بۆ ئێمەی کورد بەم شێوە خۆمان کردووەتە خاوەنی؟. ئایا جگە لە شانامە بەڵگەیەکی ترمان بە دەستەوەیە؟.. ئەگەر هەمانە با روونی بکەینەوە.. ئەی ئەگەر وایە، ئێرانییەکانی تر وەك فارس و بەلوچ و ئازەری، وەك ئێمە ئاوا دەربارەی کاوە و نەخش و دەوری کاوە تێنافکرێن..؟.

من وەك کوردێك، حەزم دەکرد کاوە بکوژی زوهاك بووایە و بە رەگەزیش کورد و سەرتاسەری شانامەش هەر باس لە جوامیرتی و شۆڕشگێڕی کاوەی کردبا... مەخابن خاڵۆ فیردەوسی تەنیا (٢٩) دێرە شیعری تەرخان کردووە بۆ کاوە و رۆڵی کاوە..

رەنگە برادەرێك، چوزانم کەسێك بڵێت: چ نیاز بەم کتاوە هەیە و "خوسرەو جاف" ئەم خەونە خۆشە مێژووییە یان ئەفسانەییە، بۆ لەم خەڵکە تێك دەدا و کاوە بەو چەسپاوییە لە ئارەزوو بیر و ئەندێشەی خەڵکدا چ پێویستە جێ لەق بکرێت؟

ئەو پرسیارە، تا بڵێی رەوایە، بەڵام چەندین بەرانبەر ئەوەی ناڕەوا ترە. ئەگەر بەبێ بەڵگە و مەدرەك و دیکۆمێنت ئاوا سووربین لەسەر ئەو هەڵە چەسپاوە. من لەوەی دڵنیام لە شانامە زیاتر هیچ بەڵگەیەکی تر بە دەستەوە نییە... وە لە شانامەدا دەورەکانی ئاشکەرا و روونە..

کاوە تەنیا یەك جار ڕۆیشتووەتە لای زوهاك، ئەویش لەسەر جارێك کە لە وڵاتدا دراوە و بانگەوازێکی تێکڕایی کراوە، کە دەرگەی دەرباری شا زوهاك ئاواڵەیە بۆ هەر کەسێك سکالایەکی هەبێت، زوڵم و زۆری لێ کرابێت، ئەو مەزڵومانە دەتوانن بێن بۆ دەرباری شا و بەعەرزی شا زوهاکی بەگەیێنن... ئەگینا کاوە لە دووریشەوە نەیدەوێرا سەیری کۆشکی زوهاك

بکات بە گوێرەی دارِشتنیٚ شانامە.

کـاوە وێرای ئـەو شکـاتـە بـکـا و بـگـاتـە خـزمـەتـی شا زوهــاك، ئـەمـە یـەکـەمـیـن و دوا رووبەڕووبوونەوەی کاوە و زوهاکە، تا بگاتە پەلامار و کوشتنی.. نەك کاوە ئاسنگەرێکی ناو بازاڕ بووە، بەڵکو فەرەیدوون کە لە نەوەی شاکان بووە و بە سوپا و لەشکرەوە کۆشکەکەی زوهاك دەگریٚ و زوهاك لە دەرەوەی شار دەبێت ، خۆی دەگەیەنێتە ناو کۆشك و پەلاماری فەرەیدوون دەداو، فەرەیدوون بەسەر زوهاکدا سەردەکەوێت، دەیەوێت بیکوژیٚ، فریشتەکانی ئاسمان بەرگری لە کوشتنی دەکەن و فەرەیدوون ناچار دەکەن دەست لە کوشتنی هەڵگرێت، کەواتە زوهاك لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانەوە پارێزراو بووە، ئەگینا، بۆ بەرگری لە کوشتنی دەکرێت...؟ زوهـاك بـە گـوێرەی شانـامـە دەورێکـی ئـاسمـانـی پـیٚ سپـێراوە بۆیـە فـەریدوونـی نەیتوانیوە بیکوژێت

ئـێمـەی کـوردیش دەڵـێـیـن: کـاوە بـە چـەکـوشی ئـاسنگـەرییـەوە قـوول دەکـاتـە نـاو بـازاڕدا و پەلاماری کۆشك و دەرباری "زوهـاك" دەدا و هـەر بە چەکوشی ئاسنگەری سەری زوهـاك پـان دەکاتەوە....

بەندەش وەك هـەزاران و میلۆنەهـا کورد، زەمـانێکی زۆر، هـەر وام دەزانی.. خۆزگە وا بووایە.. زۆر کەس لەسەر کاوە و چەکوشەکەی و پەلامارەکەی بەلای دەستگا دەوڵەتییەکانەوە [عەرەب و تورك] تووشی زیندان و ئەشکەنجە و کوشتنیش هاتوون..

بەڵام لە ئێراندا کەس لەسەر «کاوە و چەکوشەکەی و پەلامارەکەی» نەگیراوە، لەبەر ئەوە بە وردی ئاگەداری شانامە و رووداوەکانی شانامەن. ئەو جۆرە کاوەیە بەلایانەوە نەناسراوە، لـەوانـەش گـوزەشتـە، ئـەو قـارەمـانـییـەتـەی کـاوەیـە بـەو شێوەی لای ئـێمـەیـە، ئـەگـەر هـەبـووایـە عەجەمەکان بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوون، تا ئێمە خۆمان بە خاوەنی بکەین.

برا فارسەکانمان بتوانن ئەوی بۆمان ماوەتەوە خۆیان دەکەنە خاوەنی، تا بگاتە شانامە کە خودی فیردەوسی دەفەرمووێت:

بی رنج بردم دراین ساڵی سی

عجم زنده کردم بدین پارسی

دەفەرمووێت: سی ساڵە رەنج و عەزاب و دەردەسەر دەچێژم تا میللەتەکەم "عەجەم" زیندوو بکەمەوەو بیانخەمە بیری رابوردووی باو و باپیرانیان.

ئەمەش ئەو بیست و نۆ بەیتە شیعری فیردەوسییەیە کە لە سەرتاسەری شانامەدا دەربارەی کاوە و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زوهاك و بۆ لای فەرەیدوون چۆن غەیری ئەمە لە شانامەدا هەبێت ئەمە سەری بەندە و ئەویشە چەقوی تۆ..

چنان بد که ضحاک را روز و شب   بنام فریدون گشادی دو لب

ز هر کشوری مهتران را بخواست   که در پادشاهی کند پشت راست

از آن پس چنین گفت با موبدان   که ای پرهنر نامور بخردان

مرا در نهانی یکی دشمنست   که بر بخردان این سخن روشنست

یکی محضر اکنون بباید نبشت   که جز تخم نیکی سپهبد نکشت

ز بیم سپهبد همه راستان   بدان کار گشتند همداستان

بر آن محضر اژدها ناگزیر   گواهی نبشتند برنا و پیر

هم آنگه یکایک ز درگاه شاه   برآمد خروشیدن دادخواه

ستم دیده را پیش او خواندند   بر نامدارانش بنشاندند

بدو گفت مهتر بروی دژم   که بر گوی تا از که دیدی ستم

خروشید و زد دست بر سر ز شاه   که شاها منم کاوهٔ دادخواه

یکی بی زیان مرد آهنگرم   ز شاه آتش آید همی بر سرم

تو شاهی و گر اژدها پیکری   بباید بدین داستان داوری

که گر هفت کشور بشاهی تراست   چرا رنج و سختی همه بهر ماست

که مارانت را مغز فرزند من   همی داد باید بهر انجمن
سپهبد بگفتار او بنگرید   شگفت آمدش کان سخنها شنید
بدو باز دادند فرزند اوی   بخوبی بجستند پیوند اوی
بفرمود پس کاوه را پادشاه   که باشد بر آن محضر اندر گواه
چو برخواند کاوه همه محضرش   سبک سوی پیران آن کشورش
خروشید کای پایمردان دیو   بریده دل از ترس کیهان خدیو
همه سوی دوزخ نهادید روی   سپردید دلها بگفتار اوی
نباشم بدین محضر اندر گوا   نه هرگز براندیشم از پادشا
خروشید و برجست لرزان ز جای   بدرید و بسپرد محضر بپای
گرانمایه فرزند او پیش اوی   از ایوان برون شد خروشان بکوی
چو کاوه برون شد ز درگاه شاه   برو انجمن گشت بازارگاه
همی برخروشید و فریاد خواند   جهان را سراسر سوی داد خواند
از آن چرم کاهنگران پشت پای   بپوشند هنگام زخم درای
همان کاوه آن بر سر نیزه کرد   همانگه ز بازار برخاست گرد
خروشان همی رفت نیزه بدست   که ای نامداران یزدان پرست
کسی کو هوای فریدون کند   سر از بند ضحاک بیرون کند

همی رفت پیش اندرون مرد گرد   جهانی بر او انجمن شد نه خرد

بدانست خود کافریدون کجاست   سر اندر کشید و همی رفت راست

بیامد بدرگاه سالار نو   بدیدندش آنجا و برخاست غو

چو آن پوست بر نیزه بر دید کی   بنیکی یکی اختر افکند پی

بیاراست آنرا بدیبای روم   زگوهر بر و پیکر و زرش بوم

فروهشت زو سرخ و زرد و بنفش   همی خواندش کاویانی درفش

از آن پس هر آنکس که بگرفت گاه   بشاهی بسر بر نهادی کلاه

بر آن بی بها چرم آهنگران   بر آویختی نو بنو گوهران

ز دیبای پرمایه و پرنیان   بر آنگونه گشت اختر کاویان

که اندر شب تیره خورشید بود   جهان را از و دل پر امید بود

بگشت اندرین نیز چندی جهان   همی بودنی داشت اندر نهان

فریدون سبک ساز رفتن گرفت   سخن راز هر کس نهفتن گرفت

برادر دو بودش دو فرخ همال   از و هر دو آزاده مهتر بسال

یکی بود از ایشان کیانوش نام   دگر نام پرمایه شادکام

فریدون بایشان زبان برگشاد   که خرم زییدای دلیران و شاد

که گردان نگردد بجز بر بهی   بما باز گردد کلاه مهی

فیردەوسی ئاگەداریەکی تەواوی لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەبووە و بە وردی ئەفسانەکانی هندوستان "مەهابەهارتا" و یونان "ئەلیازە و ئودیسە"ی زانیوە هەروەها ئاگەداری وردەکاری ئاڤێستا و داستانە بابلییەکان و چیرۆکەکانی ناو تەورات و ژیانی تایبەتمەندی حەزرەتی سلێمان بووە، بەتایبەت لە کەسایەتی ئەفسانەکانی یونان و شانامە لە یەك چن، ئەو لەیەك چوونە ڕێککەوت نییە.

بەندە پێم وا نییە کەسایەتییەکی وەك فیردەوسی ئاوا پابەندی جەلال و شکوهمەندی مێژووی میللەتی خۆی و دەمارگرژ بۆ کولتوور رابوردووی سەر زەوی ئێران بێت "شانامە" بۆ کەسێکی وەك سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بنووسێت ئەمە لە روحی شانامەوە بە دووری دەزانم و لە کەسایەتی فیردەوسیشەوە.

فیردەوسی یەکێك بووە لە "دەهەگان"ەکانی کاتێ ئەو دەمە و پابەندی بە زاهیر بیروڕای موعتەزیلەکان بووە ئەگەر نەداری و لێقەوماوی تەوژمی بۆ نەهێنابا شانامەی بە سوڵتان مەحموود پێشکێش نە دەکرد، وە لەبەرئەوەی جەوهەری شانامە لە رەگەز و کەسایەتی سوڵتان مەحموودەوە بەدوور بووە، رێزی نە لە فیردەوسی گردوەو نە لە شانامەکەی وە بە هەژاریش سەری ناوەتەوە. ئەمانە هیچ لە پایە بەرزی شانامە کەم ناکاتەوە ئەشهەدو شاکارێکی گەلیك مەزنی جیهانیە قەینا نووسەرێکی کوردی وەك من برێك گلەیی لە خاڵۆ فیردەوسی بکا کە بۆ بەو شێوە باسی لە لەناوچوونی "ماد"ی باو پیرانی ئێمەی کورد دەکاو بەو شێوەش شانازی بە رەگەزی فارس و پێکهاتنی زنجیرە دەسەڵاتی هەخامنشییان دەکا و بەو شێوەش ئەفسانە و مێژووی تێکەڵاو کردووە.

با بەراورد و هەڵسەنگاندنێکی گورج و گۆڵانە لەو تێکەڵاوییەی بکەین و بزانین ئەم زوهاکە کێیە..

زوحاك یان زوهاك یا ئەژدیاك.. هەر سێکیان ئاستیاکی دوا پاشای زنجیرە دەسەڵاتی مادە وەك لە پیشدا باسم کردووە باوکی شازادە "ماندانا"یە دایکی کورشی هەخامنشی و باپیرەی کورشە.

ئیدی ئەو زوهاکەی ناو شانامە دیارە کە چەندە خوین خوار و درندە بووە وەك لە شانامەدا باسی لێکراوە. بەو شێوە دڕندانە خراوەتە بەرچاو

فەرەیدوون "ی زوڵم لێکراوی باوك کوژراوی تاج و تەخت زەوت لێکراوی ناوشانامە هەمان "کورش"ی کودتاچی هەخامنشییە کە توانێ زنجیرە دەسەڵات هەخامنشییەکان پێك بهێنێت.

بە پێی واقعیەتی مێژوویی "ئاستیاك" دوا پاشای زنجیرە دەسەڵاتی ماد پایتەختی دەسەڵاتەکەی ئکپاتانا بووە کە بکات شاری هەمەدانی ئێستا.

شانامە وا دەڵێت.. کاوە ئاسنگەرێکی ناو بازار بووە...

ئەگەر دەرباری :ئاستیاك"ی مادی کە ئکپاتانا بووبیت کەوا بووە، کاوەش خەڵکی هەمان

پایتەخت بووەو هەمان بازاڕی شاری ئکپاتانا، یانی بەرەگەز "ماد" بووەو بە گوێرەی شانامە یارمەتی "فەرەیدوون"ی داوە کە لە رەگەزی "فارس" و رووخێنەری دام و دەستگاو دەوتەتی "زوهاک"ە کە بکات هەمان ئاستیاکی مادی.

من نازانم ئێمەی کورد بۆوا سوورین لەسەر ئەم کاوەی لای ئێمەیە..؟ لەسەر چ بنەما و بەڵگە و دیکۆمێنتێك ئاواکاوەیەکمان سازاندەوە..؟

ئەگەر وایە با لە سەر ماڵمان برۆین و بیسەلمێنین ئەگەر بێ بەڵگە هەر سووربین.

تەواو دەبێ چاوەروانی خاوەن تەڵە بین و تەواوی بەڵگەکانی بخاتە سەر مێزو ئەو دەم دەممان بکاتە تەڵەی تەقیو .. دەمی باکورینە بییەلمێنین.. ئەوە گوێ ئەویشە مەیدان

لێگەرێ با برۆینەوە لای خالۆ فیردەوسی و سەردەمەکەی ئاشکرایە، خالۆ فیردەوسی، بەو شێوەی لای ئێمە هەیە کاوەی نەسازاندووە، ئەو پەلاماری خەڵکی ناو بازار و رەش و رووتی تێلا بەدەست و کوتەك و شەن و تەور و تەورداس بە دەستی خەڵکی مەحروم و جەورلێکراو لە پێشی هەموویانەوە "کاوە"ی چەکوش بەدەست، سەر ئەنجام بە چەکوشی کاوەی ئاسنگەر "زوهاک" کوشتن لە شانامەدا نییە بە هەرچی باوەر دەکەی ئەوی ئێمە دەیڵێین لە شانامەدا نییە، بە تەئکید ئەگەر هەبووایە بە درێژاییی مێژوویێ خاوەن نەدەبوو تا ئێمە خۆمان بکەین بە خاوەن....

سنگ بە سنگیش ئەم جۆە پەلامارە لە سەدەی نۆزدە و پێش نۆزدەشدا نەبیستراوە.. لە حەکایەتە خۆماڵییەکانی رابوردوویشدا نەبیستراوە.. لە مێژوویشدا ئاوا زانیارییەك تۆمار نەکراوە.

ئاوا پەلامارێکی خەڵکی تێکراپی رەنگە لە مێژوودا زۆر روویدابێت، تازەترینیان، دوو پەلامارە، یەکەمیان شۆرشی گەلی فەرانسە و هەرووژانی پاشایەتی و لە مەقسەڵە دانی [شا لوئەی و شاژن ماری ئەنتوانێت]ە دووهەمیان شۆرشی ئوکتوبەری روسیاو لە ناوبردنی دەسەڵاتی قەیسەری بنەماڵەی "رومانوف" و سەر ئەنجام کوشتنی سزار و بنەماڵەکەی و چەکوش و داس هەڵبژاردن وەك دروشمێك لە پەرچەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا..

بەندە پەلامارەکەی کاوە و بۆ سەر کۆشکی دەسەڵاتی شا زوهاك و کوشتنی بە چەکوش، درەی بیروباوەری شۆرشی ئۆکتۆبەری دەزانم و لەلایەن رۆشنبیرانی چەپگەرای پێشقەرەوڵەوە گەیشتووەتە لای ئێمە...

ئەگینا نەك "کاوە"کە کە سایەتییەکی لاوەکی نێو شانامەیە، خودی "فەرەیدوون" کە شازادە و دەسەڵاتداریش بووە، کە زوهاك دەگرێت، ناتوانێت بیکوژێت هەر ئەو کارەی دەکا فریشتە ئاسمانییەکان پیان راگەیاندبوو.

کابرایەك "تەلاقی خوارد و وتی" : دەزانم جنۆکە نییە و لێشی دەترسم"

بەندەش سوێنێکت بۆ دەخۆم باوەر دەکەی یا نە "مەیلی خۆتە" قورئان بە حەقت بە مانات بە گوێرەی شانامە چەندە بەندە هیتلەرم کوشتووە کاوەش ئەوەندە زوهاکی کوشتووە.